# بەشی یەکەم

# رەوشی مێژوویی و جوگرافی و سروشتی یاسایی

# رێڕەوی ئاویی سیروان

## ڕەوشی مێژوویی و جوگرافی و سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان[1]

ڕێڕەوی ئاویی سیروان، یەکێکە لەو ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتیانەی کە لە عێراق و ئێراندا بوونی هەیە. ئەمڕۆ ناکۆکی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە لە بواری بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش ڕێڕەوی ئاویی سیروان. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە، ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەین. لە باسی یەکەم ئاماژە بە ڕەوشی مێژوویی و جوگرافی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین و باسی دووەم تەرخان دەکەین بۆ سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و بنەما و تیۆرییە یاسازانییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

---

[1] وامان بە باش زانی لە بری وشەی دیالە، وشەی سیروان بۆ ئەم ڕووبارە بەکار بهێنین، چونکە بەڵگە زانستییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەکارهێنانی وشەی دیالە لە لایەن توێژەرانی دیکە، پتر مەبەستی سیاسی پێوە دیارە و لە گەڵ سیاسەتی تەعریبی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق یەکدەگرێتەوە، بۆ گۆڕینی ناوی کوردی شار و گوند و ڕووبارەکانی کوردستان بۆ ناوی عەرەبی. بڕوانە بۆ: د.عزالدين جمعة درويش پالاني، تقويم أثر مصادر تغذية مياه مجرى نهر سيروان (ديالى) على معدل التصريف الشهري فيها (بإستخدام اسلوب التحليل الكمي)، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، السنة الرابعة، المجلد ٤، العدد ٢، ٢٠٠٩، ص ١١٠.

# باسی یەکەم

## ڕەوشی مێژوویی و جوگرافیی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

ئەم باسە بەسەرسێ مەبەستدا دابەش دەکەین، لە مەبەستی یەکەم باس لە ڕەوشی مێژوویی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین. لە مەبەستی دووەم ڕەوشی جوگرافی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینە بەرباس. لە مەبەستی سێیەم تیشك دەخەینە سەر پرۆژەکانی ئێستا و داهاتوو لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان.

### مەبەستی یەکەم

### ڕەوشی مێژوویی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

بەهۆی گرنگیی ئاو لە ژیانی مرۆڤ، هەموو کاتێك ژیان لە کەناری ڕووبارەکانەوە دەستی پێکردووە. سەبارەت بە ڕووباری سیروانیش بە درێژایی مێژوو نەتەوەی جۆراوجۆر لە کەنارەکەیدا ژیاون و ئەم ڕووبارە لە بەردەوامیی و گەشەپێدانی ژیانیاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە.

ڕووباری سیروان، بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جۆراوجۆر ناوبراوە و لەوانەش (تامرا)، کە وشەیەکی سریانییە و پێدەچی لە ناوەکانی دیکە کۆنتر بێ و لە بنەڕەتدا (تورمرا) بووە، بەڵام پاشان گۆڕاوە بۆ (تامرا). لە نووسینە بزمارییەکانی سەردەمی ئاشوور ناسربالی دووەم، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی (پ.ز)، بە شێوەی تورنات (Turnat) ناوبراوە و گومانی ئەوە دەکرێت، کە لە شوێنی بە یەکگەیشتنی ئەم ڕووبارە لە گەڵ دیجلە هەڵکەوتبێت.[٢] هەروا لە سەرچاوە بزمارییەکان بە (دورول) و لە زمانی ئەکەدیی بە ڕووباری

---

[٢] حسين احمد السلمان، تاريخ نهر ديالى، مجلة سومر، المجلد الخامس والأربعون، الجزء ١و٢، بغداد، ١٩٨٧- ١٩٨٨، ص ٢٩٨.

(Turnat) یا (Duwerig) یا (Tuplias) ناوبراوه. له هەندێ له سەرچاوه کۆنەکاندا هاتووه، که یەکێك له پاشا ئەکەدییەکان به ناوی شا (شو- دوررول) له بەر پیرۆزیی ئەم رووباره، به ناوی ئەم رووبارەوه ناونراوه. هەروا له سەرچاوه یۆنانی و رۆمانییەکاندا به شێوەی جۆراوجۆر ناوبراوه، وەك جندیس یا جندیز (Gyndis). بەکینگهام وایدەبینێ که رووباری دیاله، هەمان ئەو رووبارەیه که له سەرچاوه یۆنانی و رۆمانییەکاندا به (فیکوس یا لیگوس) یا (ئودورنیه) ناوی هاتووه.[٣] واپێدەچێ کۆنترین ناوەکانی ئەم رووباره، سیروان یا تامرا بێت. ناوی سیروان بۆ ناوی شاری مێژوویی سیروان (شیروان یا شروان) له شارەکانی عیلام و ناوەندی پارێزگای ماسبەزان (ماسباتیکا) دەگەڕێتەوه، که له پارێزگاکانی رۆژئاوای هەرێمی جیبال بووه و بەشی رۆژئاوای هەرێمی لوڕی بچووك (پشتکۆ یا پێشکۆ) دەگرێتەوه.[٤]

هەروا بەپێی بۆچوونێکی تر، وشەی سیروان له دوو بڕگه پێکهاتووه، بڕگەی یەکەم وشەی (سێ) یه، که له هەردوو زمانی کوردی و فارسی، واتای ژماره (٣) دەگەیەنێ و بڕگەی دووەم بریتییه له (روان)، که کۆی رووباره و بەگشتی واتای سێ رووبار دەگەیەنێ و هۆی ئەمەش بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه، که ئەم رووباره له سێ لق پێکهاتووه، یەکەمیان قشلاقه، دووەمیان گاوەرۆیه و سێیەمیان زمکانه.[٥] بەپێی بۆچوونێکیتر، سیروان له بنەڕەتدا (سپی ڕوان) بووه.[٦] له

---

[٣] د.تحسين حميد مجيد، ديالى و نهروان عبر التاريخ، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، جامعة ديالى/ الكلية التربية الأصمعي، العدد ٢٥، ٢٠٠٧، ص ١. هەروەها احمد مطلق، سيروان خروشان از گاوەرود تا دجله، در سايت زير قابل مشاهده است:
http://tapo.blogfa.com/cat-7.aspx/last visited:27/12/2012.

[٤] محمد دشتى، جغرافیای تاریخی شبکه آبهای بین النهرین (بخش اول: محور دجله)، مجله نامه تاریخ پژوهان، تهران، شماره ١، بهار ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٤١.

[٥] هەرچەنده لێرەدا ئاماژه به سێ لق کراوه بۆ رووباری سیروان، بەڵام لەراستیدا ئەم رووباره له تێکەڵبوونی دوو لقی سەرەکی گاوەرۆ و قشلاق پێکدێت و به درێژایی رێگای خۆی، چەندین رووبار و جۆگەی گەوره و بچووکی دیکەی تێدەڕژێ و له بابەتەکانیتر ئەمه زیاتر روون دەکەینەوه. پێدەچێ خاوەنی ئەو بۆچوونه، تەنها بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی بەو جۆره باسی له واتای وشەی سیروان کردووه و به سێ لقی له قەڵەمداوه.

ئاڤێستادا وشەی سیروان، بەم ناوەی ئێستا و بە هەندێك گۆڕانكارییەوە هاتووە بەجۆرەی خوارەوە: (سایری+ ئاوا+ س+ چە) یا خود (سایری+ ئاوا+ سچە). لە هەردوو حاڵەتدا (چە) و (سچە) پاشگری كۆنن، كە پاش گۆڕانكاریی و سووان بوونەتە (سایری+ ئاوا) و پاشان (سیروان). ئەگەر لە وشەی (سایرـ سێر) ورد ببینەوە بۆمان دەردەكەوێ، كە بە واتای (پڕ، پەڕ، پاراو، كەفەسەر و تووش) هاتووە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین، كە (سایراو)، بەواتای (سێراو)، (تێراو) و (پڕاو) هاتووە.[٧]

یاقووتی حەمەوی، لە راپۆرتێكیدا لە ژێر ناونیشانی تامرا، ناوچەی تامرا بە شوێنێك لە دەوروپشتی رۆژهەڵاتی بەغداد لەقەڵەم دەدات، كە رووبارێكی بەرینی پێدا تێدەپەڕێ و لە كاتی بەرزبوونەوەی ئاو، كەشتیرانی لێدەكرێ و سەرچاوەكەی چیاكانی شارەزوورە و بە رووباری تامرا یا دیالە ناو دەبرێ. یاقووت، تەنها باسی لە ناوەكانی دیالە و تامرا و نەهرەوان كردووە بۆ ئەم رووبارە و لەسەر زاری (حەمزەی ئەسفەهانی)یەوە دەنووسێ، رووباری نەهرەوان دوو ناوی هەیە: ناوێكی فارسی و ناوێكی سریانی. ناوە فارسییەكەی جوروانە و ناوە سریانییەكەشی تامرایە، پاشان ناوە فارسییەكەی تەعریب كراوە و بووەتە نەهرەوان.[٨] دەربارەی ناونانی ئەم رووبارە بە دیالە، شتێكی ئەوتۆ لە بەردەستدا نیە. یاقووت، وێڕای ئاماژەكردن بە ململانێ سیاسییەكانی نیوەی یەكەمی سەدەی چوارەمی كۆچی، باس لە (دەرگای دیالە) دەكات وەك یەكێك لە دەروازەكانی بەغداد، بەڵام ئەوە روون نیە، كە ئایا دیالە ناوی گەڕەكێك بووە لە گەڕەكەكانی بەغداد یا خود ئەم دەروازەیە، بەهۆی پەیوەندیی بە رووباری دیالەوە بەم ناوەوە ناونراوە. بەشێوەیەكی گشتی، واپێدەچێ ناوی دیالە بۆ سەردەمی

---

[٦] عبدالرضا الحمیري، العطش المر في وادي الرافدین: الأنهار بین التخریب والتنظیم و تعسف الجوار، ط ١، دارالفرات للثقافة والاعلام، الحلة، ٢٠١٠، ص ٤٨. هەروا مەلا جەمیل رۆژبەیانی، وڵاتەكەت باشتر بناسە، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤١٥.

[٧] محەمەدئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان (بەرگی ١)، چاپی یەكەم، انتشارات بلخ، تاران، ١٣٨٠ ﻫ.ش (٢٠٠١ ز)، ل ١٢٠٣- ١٢٠٤.

[٨] محمد دشتی، پیشین، ص ٤٠- ٤١.

ئیسلامی بگەڕێتەوە.[٩] لە سەردەمی عەبباسیش، ئەم ڕووبارە بە تامرا ناوبراوە و ناوی دیالە بۆ ئەو جۆگەیە بەکارهاتووە، کە لە بەری ڕۆژئاوای نەهرەوان لێی جیا کرابووەوە و بە دیجلە کۆتایی هاتووە، بەڵام پاش ڕووخانی بەنداوی دیالە لە شاخی حەمرین و بڕانی ئاو لە ڕێڕەوی نەهرەوان، ڕووبارەکە گەڕایەوە بۆ ڕێڕەوە کۆنەکەی خۆی پێش دروستکردنی پرۆژەی نەهرەوان و بە دیالە ناوبانگی دەرکرد، لە بەر پەیوەندیی بە جۆگەی دیالەوە.[١٠]

هەرچەندە لە هەندێك لە سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامیدا، تێکەڵ کردنێك لە نێوان تامرا و نەهرەواندا هەیە و بەشی خوارووی تامرا بە نەهرەوان ناوبراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دووانە جیاوازن، تامرا هەمان سیروانە و یەکێکە لەو ڕووبارانەی کە دەڕژێتە ناو دیجلەوە و نەهرەوان ئەو کەناڵەیە، کە لە ناوچەی تکریت لە دیجلە جیا کراوەتەوە و (ئیبن حوقەل) بە (ئاوی نەهرەوان و تامرا) ناوی لێ بردووە. جگە لەمەش، تامرا لەباشووری ڕۆژهەڵاتی بەغداد و لە ناوچەی مەدائن دەڕژێتە ناو دیجلەوە، بەڵام نەهرەوان زۆر لە خوارووتر، واتە لە ناوچەی (مازرایا)، کە لە باکووری واسیت هەڵکەوتووە، دەڕژێتە ناو دیجلەوە.[١١] ڕووباری سیروان، لە سەردەمە کۆنەکاندا بە ئاراستەی جۆگەی (ڕۆز)ی ئێستا، کە لە سیروان جیا دەبێتەوە، بە ناوچەی (الصدور)دا تێپەڕیوە و زۆنگاوەکانی (العطار) و (الشیجة)ی بڕیوە و لە (کووت) ڕژاوەتە ناو دیجلەوە.[١٢] دەشتەکانی دەوروبەری بەشی خوارووی سیروان، لە کۆندا سەدان گوندی لێبووە و دانیشتووانی زۆری هەبووە. ئاسەوارەکانی سەردەمی ساسانی و ئاسەوارە کۆنەکانیتر، نیشانەی ئەوەن، کە ئەم ناوچەیە شوێنێکی بەپیت بووە. لەسەردەمی ئیسلامی، ڕێگای خۆراسان

---

[٩] محمد دشتی، هەمان منبع، ص ٤١.

[١٠] د.حسام الدین علي غالب النقشبندي، الکرد في لرستان الصغری (الشمالیة) و شهرزور خلال العصر الوسیط (دراسة سیاسیة و حضاریة)، ب ط، مؤسسة ژین، السلیمانیة، ٢٠١١، ص ٣٧. هەروەها د.تحسین حمید مجید، المصدر السابق، ص ١١.

[١١] محمد دشتی، پیشین، ص ٤٦.

[١٢] د.باسم القیم، مورفوتکتونیة نهر دیالی- العراق، مجلة کلیة الآداب، جامعة بغداد، العدد (٧٨)، ٢٠٠٦، ص ٢٣٦.

(له بەغدادەوە بەرەو ناوچەی جیبال) بەم ناوچەیەدا (بە درێژایی رووبارەکە) تێپەڕیوە.[١٣]

پاش ئەوەی پوختەیەکی مێژوویی رووباری سیروانمان خستەڕوو، ئەو راستیەمان بۆ دەرکەوت، کە بە درێژایی مێژوو، ئەم رووبارە گرنگی زۆری هەبووە بۆ دانیشتووانی کەنارەکەی و بە ناوی جۆراوجۆر ناوبراوە. هەروەك چۆن لە سەردەمی ئەمڕۆشدا دانیشتووانی کوردی کەناری سیروان ئەو رووبارە بە سیروان ناو دەبەن و دانیشتووانی عەرەبی رۆخی سیروان بە دیالە ناوی دەبەن. هەروەها لە سەرچاوە کوردی و فارسییەکاندا بە سیروان و لە سەرچاوە عەرەبییەکانیشدا بە دیالە ناو دەبرێ.

## مەبەستی دووەم

## رەوشی جوگرافیی رێڕەوی ئاویی سیروان

لەم مەبەستەدا باس لە رەوشی جوگرافی رێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین و بۆ روونکردنەوەی زیاتر، مەبەستەکە بە سەر دوو لقدا دابەشی دەکەین. لە لقی یەکەم، پێناسەی جوگرافی رێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو و لە لقی دووەم، باس لە لقەکانی رێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین لە ناو خاکی ئێران و عێراقدا.

### لقی یەکەم

### پێناسەی جوگرافیی رێڕەوی ئاویی سیروان

سەرچاوەی رووباری سیروان، دەکەوێتە باکووری شاری سنە بە دووریی نزیکەی (٤٩ کم) لە زنجیرە چیای زاگرۆس لە پارێزگای کوردستان[١٤] لە ئێران، کە

---

[١٣] علی اكبر دهخدا، لغت نامە، جلد هفتم (درپرست- روان)، مؤسسە انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، تهران، ١٣٧٣ ه‍.ش (١٩٩٤ ز)، ص ٩٩٨٢.

[١٤] پارێزگا کوردنشینەکانی ئێران بریتین لە: کوردستان، کرماشان، ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئیلام، خۆراسانی باکوور و جگە لەمەش کورد بە شێوەی پەراکەندە لە چەندین پارێزگای دیکەش دەژین، بەڵام لێرەدا دەبێ جیاوازیی بکەین لە نێوان پارێزگایەك، کە بە ناوی کوردستان هەیە و ناوەندەکەی شاری سنەیە و زاراوەی کوردستانی ئێران، کە وەك ناوێکی گشتی بۆ هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە بەکاردێت.

(٢٣٦٠ م) لەسەر ئاستی دەریا بەرزترە.[١٥] حەوزی ئاوگری ئەم رووبارە (حوض تغذية نهر)، دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٣٠´- ٤٤°) و (٥٠´- ٤٧°)ی رۆژهەڵات و نێوان بازنەی پانی (١٣´- ٣٣°) و (٥٠´- ٣٥°)ی باکوور.[١٦] رووباری سیروان، درێژترین رووبارە لە پارێزگای کوردستانی ئێران و سەرچاوە سەرەکییەکەی دوو تۆڕی ئاوییە بە ناوەکانی گاوەڕۆ و قشلاق. رووباری گاوەڕۆ لە شاخی کان کەبوود لە (٣١ کم) باکووری رۆژهەڵاتی قەزای سونقور[١٧] سەرچاوە دەگرێ و رووباری قشلاقیش لە چیای پیرمحەممەد لە (٤٠ کم) باشووری رۆژئاوای قەزای بیجار[١٨] هەڵدەقوڵێت.[١٩] لقێکی دیکەی سیروان، لە بە یەکگەیشتنی چەمی گاران و چەمی گردەڵان لە (٢٧ کم)ی باشووری رۆژهەڵاتی مەریوان دروست دەبێ و بە سیروانی مەریوان ناو دەبرێ، کە پاش تێپەڕبوون بە باکوور و رۆژئاوای کۆسالان لە (٤٣ کم)ی باشووری رۆژهەڵاتی مەریوان لەگەڵ ئاوی سیروانی سنە تێکەڵ دەبێتەوە. لە بە یەکگەیشتنی هەردوو سیروانی سنە و مەریوان لە (١٤ کم)ی باکووری پاوە، سیروانی پاوە دروست دەبێ.[٢٠] رووباری

---

[١٥] عطاء محمد علاءالدين، قضاء حلبجة: دراسة في الجغرافية الإقليمية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٦٩. هەروەها سفين جلال فتح الله، موقع إقليم كوردستان العراق: دراسة في الجغرافية السياسية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية التربية، جامعة كويه، ٢٠٠٦، ص ٨٩. هەروەها:

Dr.Furat Alfaraj & Dr.Andrea Cattarossi, Current and Project Inflow at Derbandikhan Dam Reservior 2015-2020 Layout, The Iraqi Ministry of water resources (Unpublished Data), p.5.

[١٦] د.مهدي الصحاف و كاظم موسى محمد، حصر و تقويم رواسب نهر ديالى و طرق الحد منها، مجلة آداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، بغداد، العدد (١٤)، ١٩٨٦، ص ٦٣٢.

[١٧] ئەم قەزایە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی پارێزگای کرماشان.

[١٨] ئەم قەزایە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی پارێزگای کوردستان.

[١٩] یونس سنائی فر، جغرافیای نظامی ایران، دانشگاه افسری امام علی، تهران، ١٣٨٩هـ.ش (٢٠١١ ز)، ص ١٨٦.

[٢٠] عباس جعفری، گیتاشناسی ایران: جلد دوم رودها و رودنامه ایران، چاپ اول، سازمان جغرافیایی و کارتوگرافی گیتاشناسی، تهران، ١٣٧٦ هـ.ش (١٩٩٧ ز)، ص ٨٤.

سیروان، لە بە یەککگەیشتنی سێزدە رووباری گەورە و بچووکی دیکەی لەو ناوچەیە دروست دەبێ، کە پاش تێپەڕبوونی لە ملەی دووئاو لە قەزای پاوە، سنووری ئێران و عێراق پێکدەهێنێ و وەك رووبارێکی سنووریی بە تەنیشت گوندەکانی کولێن دەشت، ژاڵە، لاوەران، لیمە و پێگە تێدەپەڕێ و دەڕژێتە ناو خاکی عێراق.[21]

درێژیی ئەم رووبارە، هەر لە شوێنی سەرچاوە گرتنیەوە هەتا ئەو شوێنەی، کە دەڕژێتە رووباری دیجلە دەگاتە (٣٨٦ کم) و لە نزیك قەزای مەدائن واتە (٣١ کم) لە خوارووی بەغداد، دەڕژێتە ناو رووباری دیجلەوە. ئەم رووبارە (١٠٠ کم)ی دەکەوێتە ناوخاکی ئێران و ئەویتری لە ناو خاکی عێراقدایە. هەروا ناوچەی حەوزەکەی (٣١٨٩٦ کم٢)یە، کە (٧٨٢٤ کم٢)ی دەکەوێتە ناوخاکی ئێران و (٢٤٠٧٢ کم٢)ی لە ناوخاکی عێراقدایە و بەناو پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکووك، بەغداد و دیالەدا تێدەپەڕێ.[22] تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی سەقامگیر نیە، نزمترین ئاست لە ساڵی ١٩٦٢ تۆمار کراوە کە (١,٣٨ ملیار م٣) بووە و بەرزترین ئاست لە ساڵی ١٩٥٤ بووە بە رێژەی (١٩,٧٢ ملیار م٣)، واتە نزیکەی چواردە جاران زیاتر بووە.[23] هەروا تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی، بەر لە دروستکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان لە لایەن ئێرانەوە لەسەر رووبارەکە، دەگەیشتە (٣,٥٢ ملیارم٣) و پاش جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێریی و بەنداوەکانی ئێران لەسەر رووباری سیروان، کە پێویستیە ئاوییەکانی دەگاتە (١,٤٧٥ ملیارم٣)، وا چاوەڕوان دەکرێ داهاتی ئاوی ئەم رووبارە، پاش

---

[21] یونس سنائی فر، پیشین، ص ١٦٤- ١٦٥. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٨٤.

[22] د.فلاح شاکر أسود، الحدود العراقية-الايرانية: دراسة في المشاكل القائمة بين البلدين، ب ط، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٠، ص ٣٦. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٨٤. هەروەها:
Almas Heshmati, Integrated Water Resource Management In The Kurdistan Region, Nova Science Publishers, Inc., New York, 2009, p.73.

[23] عباس علي التميمي، طبيعة مشكلات الأنهر الحدودية الإيرانية، مجلة آداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، بغداد، العدد (٧)، ١٩٨٣، ص ٣٦٤.

**تەواوکردنی ئەم پرۆژانە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە (٢,٠٨٥ ملیارم٣).[٢٤] ئێران (٥٩٪) داهاتی ساڵانەی ئاوی ئەم رووبارە دابین دەکات.[٢٥]**

**پانتایی حەوزی ئەم رووبارە لە ناو هەرێمی کوردستان دەگاتە (١١٥٠٠ کم٢) و لە لای باشووری رۆژهەڵاتی قەزای هەڵەبجە، لە باشووری گوندی گریانەوە دێتە ناو خاکی عێراق و بە ئاراستەی باشوور- رۆژئاوا بە ناو بەردەڵانە چەماوەکاندا تێدەپەڕێ و بەشێك لە سنووری عێراق - ئێران بە درێژایی (٢٥ کم) پێکدەهێنێ.[٢٦] پاشان رووباری زمکانی تێدەڕژێ و ئینجا بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵات دەڕوات و رووباری تانجەرۆ و زەڵمی تێدەڕژێ.[٢٧] پاش بەیەك گەیشتنی ئەم دوو لقە سەرەکییە بە مەودایەکی نزیکەی (٦ کم) لە سەرەتای شاری دەربەندیخان، بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دروستکراوە و ئینجا بە دۆڵێکی تەنگەبەردا بە درێژایی (٣ کم)، هاوئاراستە لەگەڵ ئاراستەی گشتی زنجیرە چیای زاگرۆس بە ناو شاخی بەراناندا تێپەڕ دەبێ.[٢٨] پاش دەرچوونی لە دەربەندیخان، رووباری سیروان بە ناو گردۆڵکەکاندا گوزەر دەکات،[٢٩] لە لای راستەوە، هەندێ چەمی تێدەڕژێ، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاوەکەی وەك چەمی دێوانە، بانی خێلان و نارین چای، هەروا لە لای چەپیشەوە، رووبارەکانی هەواسان و قۆرەتوو**

---

[٢٤] طالب حسن اسماعيل، الأنهر والوديان المشتركة بين إيران والعراق، دراسة معدة من قبل وزارة الموارد المائية العراقية (غير منشور)، تشرين الأول ٢٠٠٩، ص ١٠.

[٢٥] د.انعام سالم ناجي وتوت، مشكلة المياه في العراق: بحث في الجغرافية السياسية، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

http://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=37725/lastvisited:4/5/2013.

[٢٦] ام كلثوم مصطفى درويش، قضاء حلبجة: دراسة في الجغرافية الزراعية، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية / قسم الجغرافيا، جامعة كويه، ٢٠٠٨، ص ٤٥. هەروەها عطاء محمد علاءالدين، المصدر السابق، ص ٦٩.

[٢٧] نخشان محمد رستم خان البالاني، جيومورفولوجية منطقة كەلار (دراسة تطبيقية)، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية العلوم الانسانية / قسم الجغرافية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص ٤٨.

[٢٨] د.عزالدين جمعة درويش پالاني، المصدر السابق، ص١٠٠.

[٢٩] د.فەرەیدوون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٠.

تێکەڵی دەبن و[٣٠] کەمێك بەر لە شاری جەلەولا، رووباری ئەڵوەندی تێدەرژێ. ئینجا بەرزاییەکانی حەمرین دەبڕێ و لە (منصورية الجبل) بەنداوی حەمرینی لەسەر دروست کراوە، پاشان لەسەر رۆیشتنی لە دەشتێکی لیتەیی (رسوبي) بەردەوام دەبێ، هەتا لە باشووری بەغداد و لە رۆژئاوای زەعفەرانیە، دەرژێتە ناو رووباری دیجلە و (١٣,٥٧٪) ئاوی ئەم رووبارە دابین دەکات.[٣١]

ئەم رووبارە، پشت بە توانەوەی بەفر و باراناوەکان دەبەستێ، کە زۆربەی باراناوەکەی لە بەهاردایە، هەربۆیە لەم وەرزەدا، بەرزترین رێژەی ئاوی دەگاتە (٧٥٠ م٣/ چرکە) و تێکڕای بەرێکردنی ئاوی ساڵانەی[٣٢] (تصريف السنوي) دەگاتە (١٩ م٣/ چ) و پێش جێبەجێکردنی پرۆژەی دەربەندیخان لە کاتی هاویندا، ئاستی ئاوەکەی (منسوب الماء) بۆ (٤٥ م٣/ چ) دابەزی.[٣٣] ئەم رووبارە بە یەکێك لە رووبارە سەرەکییەکانی عێراق دادەنرێ. رووبەری ئەو زەویوزارەی، کە لێی سوودمەند دەبێ لە نێوان بەنداوی دەربەندیخان هەتا چیای حەمرین، دەگاتە (٢٧٧٠٠٠) دۆنم، لە چیای حەمرینەوە هەتا حەوزی رووباری دیجلە لە هەر دوو دیوی رووبارەکەوە دەگاتە (١٢٣٠٠٠٠ ) دۆنم، کە سەرجەم دەکاتە (١٥٠٧٠٠٠) دۆنم.[٣٤]

---

[٣٠] كاظم موسى محمد، الموارد المائية في حوض نهر ديالى في العراق و استثماراتها: دراسة في الجغرافية الطبيعية، اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الآداب جامعة بغداد، ١٩٨٦، صص ١٧-١٨. هەروەها د.احمد سوسه، فيضانات بغداد في التاريخ (القسم الثاني)، ب ط، مطبعة الأديب البغدادية، ١٩٦٥، ص ٤٨٨. هەروەها د.وفيق حسين الخشاب وآخرون، الموارد المائية في العراق، ب ط، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٣، ص ٩١.

[٣١] د.شاكر خصباك، العراق الشمالي: دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، ب ط، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص ١٠٦. هەروەها د.ئازاد جلال شريف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ ٢، سەنتەری برایەتی هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٣٦. هەروەها سفين جلال فتح الله، المصدر السابق، ص ٩٠. هەروەها: Almas Heshmati, op.cit, p.54.

[٣٢] بۆ هاوتا کردنی ئەم زاراوەیە سوودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: ناهیدە تاڵەبانی و ئەوانیتر، فەرهەنگی زاراوەکانی ئاو، بێ ژمارەی چاپ، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٠٠.

[٣٣] د.خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين: دراسة في جغرافية السكان، ط ٢، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٢، ص ٣٩.

[٣٤] د.فلاح شاكر أسود، الحدود العراقية-الايرانية: دراسة في المشاكل القائمة بين البلدين، المصدر السابق، صص ٣٨- ٣٩.

## لقی دووەم

## لقەکانی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە هەر دوو دیوی ئێران و عێراق، لە لایەن کۆمەڵێك رووباری گەورە و بچووك و کانیاو و جۆگەوە پڕئاو دەکرێ، کە لێرەدا بۆ ئاشنابوونی زیاتر لە دوو تەوەردا باس لە لقە گرنگەکانی دەکەین.

### یەکەم/ لقەکانی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە ئێران:

**١)** رووباری گاوەرۆ: لە رۆژئاوای شاخەکانی کان کەبوود و خاڵبەرف لە (٣١ کم)ی باکووری رۆژهەڵاتی سونقور و شاخەکانی دەوروبەری قەزای ئەسەدئابادی هەمەدانەوە سەرچاوە دەگرێ و بە ئاراستەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا دەڕوات، پاش تێکەڵبوونی لە گەڵ چەندین رووبار وکانیاوی گەورە و بچووك، دێتە ناوچەی گاوەرۆی سنە و لەوێوە لە گەڵ رووباری ئەساوڵە تێکەڵ دەبێ. پاش تێکەڵبوونی لە گەڵ چەمی ئەمیرئاباد و چەم شینە بەرەو رۆژئاوا دەڕوات و لە گوندی بزلانە لە گەڵ رووباری قشلاق یەکدەگرن و رووباری سیروان پێکدەهێنن. درێژیی ئەم رووبارە (١٢٠ کم)ە.[٣٥]

**٢)** رووباری قشلاق: ئەم رووبارە بە دووریی (٤٦ کم) لە بەرزاییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سنەوە سەرچاوە دەگرێ، بە درێژایی (٩٠ کم) لە باکوورەوە بەرەو باشوور و باشووری رۆژئاوا شۆڕ دەبێتەوە.[٣٦] لە بە یەکگەیشتنی کۆمەڵێك جۆگەڵەی گەورە وبچووك دروست دەبێ و پاشان لە تەجەرە، نەران، گەرماس وهەشمیەزد ژمارەیەك لق وپۆپی دیکەی تێکەڵی دەبێ و لە باکووری گوندی بزلانە لە گەڵ گاوەرۆ و رەزاو یەکدەگرن و رووباری سیروان پێکدەهێنن.[٣٧]

---

[٣٥] لیلا سلیمی و ئەوانیتر، بررسی زیستی کیفیت آب رودخانه گاوەرود سنندج با استفاده ساختار جمعیت ماکروزئوبنتوری، همایش ملی جریان آب و آلودگی، دانشگاه تهران، تهران، ٣-٤ خرداد ١٣٩١ه.ش (٢٠١٢ ز)، ص ٢. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٤١٧.

[٣٦] عطاءالله عبدی و حسین مختاری، نگاهی به فرصتها و تهدیدهای ژئوپولیتیك ایران، مجموعه مقالات دومین کنگره انجمن ژئوپولیتیك ایران، تهران، دیماه ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٢٣٨. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٣٣٤.

[٣٧] اصغر مسعودی، سیمای سنندج دیار مدافعان غیور، انتشارات توحید، سنندج، ١٣٧٨ ه.ش (١٩٩٩ز)، صص ٢١- ٢٢.

**٣) رووباری گاڕان:** ئەم رووبارە لە بەرزاییەکانی باکووری رۆژئاوای مەریوانەوە سەرچاوە دەگرێ و لە باکوورەوە بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە، پاشان لەگەڵ ئەو ئاوەی کە لە دەریاچەی زرێوارەوە سەرچاوە دەگرێ تێکەڵ دەبێت.[٣٨] حەوزی ئەم رووبارە(٤٠٠ کم٢)یە، کە (٧٢٪) ناوچەکەی شاخ و تەپۆڵکەی بەرزە.[٣٩]

**٤) ئاوی گەلین:** لە ناوچەی گاوەرۆی قەزای سنە هەڵکەوتووە و لە باشووری چیای کوچك شەشك لە (٢٨ کم)ی باشووری رۆژئاوای سنە و لە بەرزایی (٢٤٠٠ م)ەوە سەرچاوە دەگرێ، درێژییەکەی (١٣ کم)ە و دەڕژێتە رووباری سیروان.[٤٠]

**٥) چەمی مەڕەخێڵ:** دەکەوێتە ناوچەی باینگانی قەزای پاوە و درێژییەکەی (٣٠ کم)ە و لە کانیاوەکانی توارگەزین و نەرمەوڵ لە (١٢ کم)ی باشووری پاوەوە سەرچاوە دەگرێ. پاش تێپەڕبوون بە چەند گوندێك لە باشووری رۆژئاوای گوندی وارمچە دەڕژێتە ناو سیروان.[٤١]

**٦) چەمی گەڕان:** دەکەوێتە ناوچەی ژاوەرۆی رۆژئاوا و سەوڵئاوای مەریوان و درێژییەکەی (٧٠ کم)ە و لە کانیاوەکانی چیاکانی قازان شکێن و بناوەرەوە سەرچاوە دەگرێ، لە (٢ کم)ی رۆژئاوای گوندی دوورۆ لە گەڵ چەم گردەڵان تێکەڵ دەبێ و ئاوی سیروان پێکدەهێنێ.[٤٢]

**٧) دەرەی تەنگەوەر:** لە ناوچەی گاوەرۆی قەزای سنە هەڵکەوتووە، لە شاخەکانی شۆر و زەرنە لە (٢٤ کم)ی باکووری رۆژئاوای کامیاران سەرچاوە دەگرێ و درێژییەکەی (٣٣ کم)ە و لە گوندی پڵنگان دەڕژێتە ناو سیروان.[٤٣]

---

[٣٨] عطاءالله عبدی و حسین مختاری، پیشین، صص ٢٣٨- ٢٣٩.

[٣٩] عبدالرسول تلوری و دیگران، مدلسازی تغییرات زمانی رسوب مطالعه موردی: حوزه آبخیز گاران در استان کردستان، مجله پژوهش و سازندگی در منابع طبیعی، دانشگاه علوم کشاورزی و منابع طبیعی گرگان، شماره ٧٥، تابستان ١٣٨٦ ه.ش (٢٠٠٧ ز)، ص ٦٦.

[٤٠] عباس جعفری، پیشین، ص ٨٨.

(٤١) همان منبع، صص ١٩١-١٩٢.

(٤٢) همان منبع، ص ١٩٠.

(٧) همان منبع، ص ٢٢١.

٨) دەرەی گەلاڵ: لە داوێنی ڕۆژئاوای چیای شاهۆ لە (٨ کم)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی پاوەوە سەرچاوە دەگرێ و هاوتەریب لە گەڵ ڕێگای ئوتۆمبێلرۆی پاوە ـ ڕەوانسەر بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەچێ، پاش تێکەڵبوونی لە گەل چەندین جۆگەڵە لە داوێنی شاهۆ لە (١٢ کم)ی باکووری ڕۆژئاوای پاوە دەڕژێتە سیروان و درێژییەکەی (٣٠ کم)ە.(٤٤)

٩) ڕووباری لێڵە: ئەم ڕووبارە لە بەشی باکووری چیای بەنیگەز لە (٤١ کم)ی باشووری پاوەوە سەرچاوە دەگرێ، درێژییەکەی (٧٣ کم) دەبێ و پاش بڕینی چەندین گوند و تێکەڵبوونی چەندین کانیاو و جۆگەڵەی گەورە و بچووك دەڕژێتە ناو ڕووباری سیروان.(٤٥)

١٠) ڕووباری زمکان: ئەم ڕووبارە لە باشووری داوێنی چیای شاهان لە ناوچەی قەڵخانی لە (٦٢ کم)ی باکووری ڕۆژئاوای قەزای ئیسلام ئاباد لە ئێران سەرچاوە دەگرێ. درێژییەکەی (١٦٠ کم)ە و پاش ئەوەی چەندین ڕووبار و کانیاو لەسەر ڕێگا تێکەڵاوی دەبن، سنووری نێوان ئێران و عێراق دەبڕێ و لە (٤٣ کم)ی ڕۆژئاوای پاوەوە دێتە ناو خاکی عێراق و ئینجا دەڕژێتە ڕووباری سیروان.(٤٦) ئەم ڕووبارە باراناوی ناوچەیەك بە ڕووبەری (٢٦٠٠ کم٢) کۆ دەکاتەوە و (٨٪)ی پانتایی حەوزی ئاوگری (تغذية) سیروان پێکدەهێنێ و (٩١,٦٪)ی ڕووبارەکە دەکەوێتە ناوخاکی ئێرانەوە.(٤٧)

١١) ڕووباری هەواسان (عەباسان): لە بەرزاییەکانی شاخی مەلاچیە و شاخی گارێ لە ناو خاکی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە بەیەك گەیشتنی ئاوی زەلان و ئاوی داڵان پێکدێت و لە باکوورەوە بەرەو باشوور و ڕۆژئاوا ڕێگا دەبڕێ و

---

(٤٤) هەمان منبع، ص ٢٢٥.

(٤٥) علی اسماعیلی، کاربرد دفاعی و امنیتی رودخانەهای مرزی استان کرمانشاه، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه شهید بهشتی، دانشکده علوم زمین، تهران، ١٣٧٩ ه.ش (٢٠٠٠ ز)، ص ١٣١. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٤٤.

(٤٦) عباس جعفری، همان منبع، صص ٢٥٩- ٢٦١.

(٤٧) د.فلاح شاكر أسود، الحدود العراقية-الايرانية، المصدر السابق، ص ٤١.

لە گوندی باویسیّ دیّتە ناو خاکی عیّراق و لە ناحیەی مەیدان[٤٨] دەرژیّتە ناو سیروان و دریّژییەکەی (٤٠ کم)ە.[٤٩] ناوچەی حەوزی ئاوگری (٨٦٠ کم٢)یە کە (٢,٦٪)ی حەوزی ئاوگری سیروان پیّکدەهیّنیّ و (٧٨,٤٪) دەکەویّتە ناوخاکی ئیّرانەوە.[٥٠]

١٢) رووباری قۆرەتوو: لە شاخی شاهان لە ناو خاکی ئیّرانەوە سەرچاوە دەگریّ، بە ئاراستەی رۆژئاوا و پاشان باشووری رۆژئاوا ریّگا دەبریّ و ئاوی دەڵەشیّر و سیگوەند و کانی بمەی تیّدەرژیّ و لە گوندی تەنگی حەمام دیّتە ناو خاکی عیّراق و (٣٨ کم) لە سنووری هاوبەشی هەردوو وڵات پیّکدەهیّنیّ.[٥١] دریّژیی ئەم رووبارە (٦٧ کم)ە و رووبەرەکەی (٧٥٠ کم٢)یە و زەویوزارەکانی ناحیەی قۆرەتووی قەزای خانەقین تیّراو دەکات، (٢٪)ی حەوزی ئاوگری رووباری سیروان دابین دەکات، (٦٧,٢٪)ی دەکەویّتە ناوخاکی ئیّران و (٣٢,٨٪)ی لە ناوخاکی عیّراقدایە.[٥٢]

١٣) رووباری ئەڵوەند: ئەم رووبارە لە باکووری شاخی قەڵاجە لە باشووری رۆژئاوای قەزای ئیسلام ئاباد لە ئیّران سەرچاوە دەگریّ، سەرەتا بە رووباری کفرئاوەر ناو دەبریّ و پاش گەیشتنی بە ناو شارەکانی سەرپیّڵی زەهاو و قەسری شیرین بە ئەڵوەند ناو دەبریّ. پاشان ئاوی تەنگاو و چەمی ئیمام حەسەنی تیّدەرژیّ و پاش تیّپەربوون لە گوندی قەرەسەدەف دەگاتە سنووری ئیّران و عیّراق

---

[٤٨] ئەم ناحیەیە کەوتۆتە باکووری قەزای خانەقین لە کەنار رووباری سیروان.

[٤٩] علی اسماعیلی، پیشین، ص ١٣٨. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ٩٢.

[٥٠] د.فلاح شاکر أسود، الحدود العراقية-الايرانية، المصدر السابق، ص ٤١.

[٥١] د.خەلیل ئیسماعیل محەمەد، گرفتی رووبارە سنوورییەکان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٨، هەولیّر، زستانی ٢٠٠١، ل ٩٣. هەروەها علی اسماعیلی، پیشین، ص ١٤٢. هەروەها کاظم موسی محمد، المصدر السابق، ص ٢٨.

[٥٢] د.محسن عبدالصاحب المظفر، مشكلات الموارد المائية في ايران دراسة جغرافية، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، بغداد ،العدد الثالث والعشرون، تموز ١٩٨٩، ص ٥٨. صبرية احمد لافي الغريري، إستثمار الموارد المائية السطحية في العراق وأثرها في الامن الوطني، اطروحة الدكتوراه المقدمة الى كلية الأداب جامعة بغداد (غير منشور)، ١٩٩٦، ص ١٨. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ١٦٨.

**و (٥,٥ کم) لە سنووری هاوبەشی هەردوو ولآت پێکدەهێنێ. پاشان بە ناو شاری خانەقیندا تێدەپەڕێ[٥٣] و (٥ کم) لە سەرووی ناحیەی جەلەولاوە دەڕژێتە ناو رووباری سیروان. درێژیی ئەم رووبارە (١٥٢ کم)ە، کە (٨٩ کم) لە ناو خاکی ئێرانە و (٦٣ کم) لە ناو خاکی عێراقدایە و تێکڕای داهاتی ساڵانەی دەگاتە (٤٨٠ ملیۆن م٣) .[٥٤] رووبەری حەوزی ئەم روبارە (٣٢٠٤ کم٢)یە کە نزیکەی (١٨٪)ی دەکەوێتە ناو خاکی عێراق[٥٥] و لە ڕێگای (٧) جۆگەڵەوە، (١٢٥٠٠) هیکتار لە زەویوزارەکانی دەشتی خانەقین ئاودێریی دەکات.[٥٦] ئەم رووبارە (١٠,٦٪)ی حەوزی ئاوگری رووباری سیروان پێکدەهێنێ.[٥٧]**

## دووەم/ لقەکانی ڕێڕەوی ئاویی سیروان لە عێراق:

**١) رووباری زەڵم: سەرچاوەکەی دەکەوێتە پشت گوندی زەڵم لە تاڤگەی زەڵم لە شاخەکانی هەورامان، پاش تێپەڕبوونی بە گوندی ئەحمەدئاوا بە ئاراستەی رۆژهەڵات بەرەو شاری خورماڵ دەڕوات و دەشتی شارەزوور دەبڕێ، ئینجا دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخان.[٥٨] رووبەری ئاوگرەکەی (٢٧٥ کم٢)یە و درێژیی رووبارەکە (٣٠ کم)ە و ڕێژەی ئاوەکەی لە کەمترین وەرزی ئاویدا (٥٥٠ لیتر/چرکە)یە و زۆرترینی (٣,٤ م٣/چرکە)یە.[٥٩]**

---

[٥٣] د.نەژدەت ئاکرەیی، ئاو لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ تێڕوانینێکی ئایندەیی لە ئاوی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٨، هەولێر، زستانی ٢٠٠١، ل ١٨٥. هەروەها عباس جعفری، پیشین، ص ١١٠. هەروەها علی اسماعیلی، پیشین، ص ١٤٥. هەروەها كاظم موسى محمد، المصدر السابق، ص ٣٠.

[٥٤] طالب حسن إسماعيل، المصدر السابق، ص ٤.

[٥٥] د.خليل اسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، ب ط، مطبعة اوفسيت كريستال، اربيل، ١٩٩٧، ص ١٧.

[٥٦] صلاح الدين أنور قيتولي، تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، ط ١، مركز الدراسات الكوردية (كوردولوجي)، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ٢٣.

[٥٧] د.فلاح شاكر أسود، الحدود العراقية-الايرانية، المصدر السابق، ص ٥٤.

[٥٨] عطاء محمد علاءالدين، المصدر السابق، ص ٧٠.

[٥٩] نەجمەدین صدیق و ئاری ئیسماعیل، راپۆرتی رووباری سیروان و زێی بچووك، لە توێژینەوە بڵاونەکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و ئاوی سەرزەوی سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٦.

**٢) چەمی تەوێڵە:** لە بەرزاییەکانی تەوێلە و گوندی بەڵخەوە سەرچاوە دەگرێ و لە خاڵی سنووریی قەزای هەڵەبجە لەگەڵ پارێزگای کرماشانی ئێران دەڕژێتە ناو سیروان، درێژییەکەی (٢٠ کم)ە و پانتایی حەوزەکەی (٧٢ کم٢)ە.[٦٠]

**٣) چەمی بیارە:** لە بەرزاییەکانی نزیك سنووری ئێران لە گەڵ قەزای هەڵەبجە سەرچاوە دەگرێ، سەرچاوە سەرەکییەکەی ئاوی جۆگەی هانە گەرمەڵەیە و بە ناو بیارەدا تێپەڕ دەبێ. درێژییەکەی (١٣ کم)ە و دەڕژێتە رووباری زەڵم و لەوێشەوە دەڕژێتە ناو رووباری سیروان.[٦١]

**٤) رووباری ریشێن:** لە شاخی سوورێنەوە سەرچاوە دەگرێ، درێژییەکەی (١٨ کم)ە و پاش تێپەڕبوون بە دۆڵی سوورێن و زورێن بە دوڵێکی تەسکدا دەڕوات و دەچێتە دەشتی شارەزوور و بە ئاراستەی باشوور رێگا دەبڕێ هەتا دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخان.[٦٢]

**٥) رووباری تانجەرۆ:** سەرچاوەکەی لە ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای شاری سلێمانییە و درێژییەکەی (٩٢ کم)ە و بڕی ئاوەکەی بە شێوەی مامناوەندیی (٩ م٣/ چ)دا.[٦٣] هەندێ چەم و رووباری وەك هەناران و زەڵم و چەقانی تێدەڕژێ، پاش تێپەڕبوونی بە دەشتی شارەزوور، بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵات رێگا دەبڕێ و لە نزیك گوندی شێخ مەیدان دەڕژێتە ناو رووباری سیروان. حەوزی ئاوگری ئەم رووبارە ناوچەیەك بە رووبەری (٣٢٠٠ کم٢) لەخۆ دەگرێ.[٦٤]

**٦) چەمی دیوانە:** لە تانجی کەلاش لە نێوان شاخەکانی قەرەداغ و بەرانان سەرچاوە دەگرێ، بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵات رێگا دەبڕێ و پاشان دەڕژێتە

---

[٦٠] عطاء محمد علاءالدين، المصدر السابق، ص ٧٢.

[٦١] ام كلثوم مصطفى درويش، المصدر السابق، ص ٤٧. هەروەها د. فلاح شاكر أسود، المصدر السابق، ص ٣٩.

[٦٢] ام كلثوم مصطفى درويش، المصدر السابق، ص ٤٧.

[٦٣] نەجمەدین صدیق و ئاری ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

[٦٤] خضير عباس العزاوي، هذا هو لواء ديالى، ب ط، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٠، ص ١٠. هەروا د.احمد سوسه، فيضانات بغداد في التاريخ (القسم الثالث)، ب ط، مطبعة الأديب البغدادية، ١٩٦٦، ص ٨٩٨. هەروا كاظم موسى محمد، المصدر السابق، صص ٢٥- ٢٦.

رووباری سیروان و بە شێوەیەکی سنووردار لە بواری ئاودێریی کەڵکی لێوەردەگیرێت.[٦٥] پانتایی حەوزی ئەم رووبارە (٦٠٠ کم٢)یە و داهاتی ساڵانەی (٠٦ ,٠٪ ملیار م٣)ە و (١,٠٣٪)ی داهاتی ئاوی رووباری سیروان دابین دەکات.[٦٦]

٧) نارین چای: بەشێك لە لقەکانی لە بەرزاییەکانی دەوروبەری کفرییەوە سەرچاوە دەگرێ و کۆمەڵێك چەم و کانیاوی تێدەڕژێ، پاشان بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵات دەڕوات و لە باکووری بەنداوی حەمرین دەڕژێتە ناو رووباری سیروان.[٦٧] هەروا بەشێکی دیکەی لقەکانی، لە بەرزاییەکانی قەرەداغەوە سەرچاوە دەگرن و بە ئاراستەی باکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەڵات رێگا دەبڕن و لە کۆبوونەوەی هەر هەموویان رێڕەوی سەرەکی نارین چای دروست دەبێ. پانتایی حەوزەکەی (٢٦٠٠ کم٢)یە و داهاتی ئاوی ساڵانەی (١٠ ,٠٪ ملیار م٣)ە و رێژەی (١,٧٣٪) ئاوی رووباری سیروان دابین دەکات.[٦٨]

## مەبەستی سێیەم

## پرۆژەکانی ئێستا و داهاتوو لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان

لەم مەبەستەدا هەوڵدەدەین باس لەو پرۆژە جۆراوجۆرانە بکەین، کە هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان جێبەجێیان کردووە، یا لە قۆناغی جێبەجێکردندان، یا خود پرۆژەیەکی پێش بینی کراوی ئایندەیین. هەر بۆیە، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم باس لە پرۆژەکانی ئێران دەکەین و لە لقی دووەم پرۆژەکانی عێراق دەخەینە بەرباس.

---

[٦٥] د. شاكر خصباك، الأكراد: دراسة جغرافية اثنوغرافية، ط ١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥، صص ٤٣- ٤٤.

[٦٦] كاظم موسى محمد، المصدر السابق، ص ٤٦.

[٦٧] عبدالله حسون محمد، مشكلة المياه في محافظة ديالى و ترشيد استهلاكها، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، كلية تربية الأصمعي، جامعة ديالى، بعقوبة، العدد (٤٦)، ٢٠١٠، ص ١٢٢. هەروەها د.محمد يوسف حاجم و باسم مجيد حميد، الأبعاد الجغرافية لظاهرة جفاف الموارد المائية في محافظة ديالى، من بحوث الندوة العلمية التي نظمها قسم الدراسات الجغرافية في مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية في ٢٠/٥/٢٠٠٩، بغداد، ص ٨٨.

[٦٨] كاظم موسى محمد، المصدر السابق، صص ٣٢ و ٤٦.

## لقی یەکەم

## پرۆژەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەپێی یاسای بەرنامەکانی چوارەم و پێنجەم بۆ گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆماری ئیسلامیی ئێران،[٦٩] پەرلەمانی ئێران دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو وڵاتەی ڕاسپارد، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی توێژینەوەی گشتگیر دەربارەی ئاوی رووبارە سنوورییەکان. هەروەها داوای لە وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی ئیتلاعات، باڵوێز و نوێنەرایەتییەکان و بەرپرسانی ئێرانی لە دەرەوە کردووە، کە لە هەموو شوێنێك، بەتایبەت لە وڵاتانی دراوسێ و لەوانەش عێراق، پرسەکانی تایبەت بە ئاو بخەنە ژێر چاودێرییەوە، جگە لەمەش داوا لە وەزارەتەکانی وزە، دەرەوە، بازرگانی و ئابووریی، کشتوکاڵ و...هتد دەکات، کە هاوکاریی چڕوپڕی یەکتریی بکەن لەم بوارەدا.[٧٠] هەر بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە و کەڵك وەرگرتن لە

---

[٦٩] بەرنامەی گەشەپێدانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی ئێران، بریتییە لە بەرنامەیەکی پێنج ساڵە بۆ گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ئەو وڵاتە، کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کراوە و تاکوو ئێستا پێنج بەرنامەی جێبەجێ کراوە. بەرنامەی چوارەم لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) لەخۆ دەگرێ وبەرنامەی پێنجەمیش لە (٢٠١١- ٢٠١٥) دەگرێتەوە، کە هەتا ئێستا بەردەوامە. بەپێی بەندی (١٧/ بڕگە د) لە یاسای چوارەم، ڕێگا دراوە بە دەوڵەت بۆ وەدەستهێنان و ڕێکخستن و گواستنەوە و کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە رووبارە سنوورییەکان و سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان، ساڵانە (٢٪) بوودجەی پرۆژەکانی بەناوکردنی دارایی سەرمایییەکان لە بوودجەی گشتی خەرج بکات. هەروا بڕگەی (و) لە هەمان بەند ئاماژە بەوە دەکات، ئاڵوگۆڕی ئاو لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ بە لەبەرچاوگرتنی بەندی (٧٧)ی دەستوور، بەرژەوندییە نیشتمانییەکان، پاساوە تەکنیکی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان و بە گوێرەی ماستەرپلانی ئاوی وڵات و بە پەسند کردنی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام دەدرێ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ: محمد حسن نامی و علی محمدپور، المصدر السابق، ل ١٤٣. هەروەها مجلس شورای اسلامی ایران، قانون برنامە چهارم توسعە اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی جمهوری اسلامی ایران، در سایت زیر قابل مشاهدە است: http://rc.majlis.ir/fa/law/show/99696/lastvisited:13/2/2013.

[٧٠] د.محمد حسین پاپلی یزدی و د.فاطمە وثوقی، نگاهی بە دیپلماسی آب ایران هیدروژئوپولیتیك، چاپ ١، انتشارات پاپلی، مشهد، ١٣٩٠ ه.ش (٢٠١١ ز)، صص ١٥٢- ١٥٤.

کارتی ئاو لە ململانێ سیاسییەکان، ڕێڕەوی ئاویی سیروانیش خرایە ناو بەرنامەی کار و دەوڵەتی ئێران هەستا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك پرۆژە لەو بوارەدا. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، تیشك دەخەینە سەر ئەو پرۆژانەی ئێران، کە لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان جێبەجێی کردون یا لە قۆناغی جێبەجێکردندان بەمجۆرەی خوارەوە:

١) بەنداوی گاوشان: ئەم بەنداوە، لە (٤٥ کم)ی باکووری شاری کرماشان هەڵکەوتووە و لەسەر ڕووباری گاوەرۆ دروستکراوە، کە یەکێکە لە لقەکانی سیروان، بە مەبەستی ئاودێریی و بەرهەمهێنانی وزە، کە دەتوانێ (١١) میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێ و (٥٥٠ ملیۆن م ٣) ئاو گل بداتەوە، بەرزییەکەی (١٢٣ م) و درێژییەکەی (٦٢٠ م) و پانییەکەی (١٤ م)ە. ئەم بەنداوە لە ساڵی ٢٠٠٥وە کەوتۆتەکار.[٧١] مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم بەنداوە، گواستنەوەی ئاوەکەیەتی لە ڕێگای تونێلی گواستنەوەی ئاو و دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری کرماشان. توانای ئاودێریی کردنی (٣١٠٠٠) هیکتار زەوی کشتوکاڵی هەیە لە ناوچەکانی بێڵەوار و ناودەربەند. لە تەنیشت ئەم بەنداوەش تونێلێك بە درێژایی (٢٢٠٨ م) دروست دەکرێ، بۆ گواستنەوەی ئاوی بەنداوەکە و توانای گواستنەوەی (٢٦٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، بۆ ئاودێریی کردنی (٣٠٠٠٠٠) هیکتار لە زەویوزارەکانی حەوزی ڕووباری کەرخە و لە ساڵی ٢٠٠٦وە کەوتۆتەکار.[٧٢]

---

2. Dr.Furat Alfaraj & Dr.Andrea Cattarossi,op.cit, p.13.

[٧٢] سید بشیر مختار پوریانی و کورش کشوریان، بررسی مسائل اجرائی و انتخاب روش بهینه اجرای شفت تونل آبرسان نیروگاه سد مخزنی گاوشان، مجموعه مقالات همایش ملی سدسازی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد زنجان، اسفندماه ١٣٨٨ هـ.ش (شوباتی ٢٠٠٩)، ص ١. هەروەها د.شهاب محسن عباس، المصدر السابق، ص ٦٤. هەروەها شرکت جهاد توسعه منابع آب، سد مخزنی گاوشان، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:

http://www.jtma.ir/fa/projectlist/constructedprojects/gavoshan/last visited:28/12/2012.

٢) بەنداوی قشلاق (وحدت): ئەم بەنداوە لە (١٠ کم)ی باکووری شاری سنە و لە دۆڵێکی کوێستانیدا هەڵکەوتووە، رووبەری دەریاچەکەی (١١ کم٢)ە و دەتوانێ (٢٢٤ ملیۆن م ٣) ئاو گل بداتەوە. ئەم بەنداوە، لە ساڵی ١٩٨٣ کەوتۆتە کار و دەتوانێ (٦٠٠٠) کیلۆوات کارەبا بەرهەم بهێنێ، بۆ مەبەستی پیشەسازیی، ئاودێریی و ئاوی ماڵان کەڵکی لێوەردەگیرێت.[٧٣]

٣) بەنداوی گاڕان: ئەم بەنداوە لە (١٠ کم)ی باکووری رۆژهەڵاتی شاری مەریوان لە پارێزگای کوردستان، لەسەر رووباری گاڕان هەڵکەوتووە و لە ساڵی ٢٠٠٨ کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن. بەرزیی بەنداوەکە (٦٤,١ م)ە و توانای گلدانەوەی (٩٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، بە مەبەستی پیشەسازیی، ئاودێریی و ئاوی ماڵان بە کاردێت.[٧٤]

٤) بەنداوی زرێبار: ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر رووباری زرێبار، کە یەکێکە لە لقەکانی رووباری گاڕان. توانای گلدانەوەی (٩٧ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و بەرزییەکەی دەگاتە (١١ م) و لە ساڵی ١٩٩٤ کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن.[٧٥]

٥) بەنداوی مەریوان- قزڵچەسوو: ئەم بەنداوە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و توانای ئاودێریی کردنی (١٢٠٠٠) هیکتار زەوی هەیە.[٧٦]

٦) بەنداوی ئازاد و پرۆژەی گواستنەوەی ئاو: ئەم بەنداوە لەسەر رووباری ئازاد دروستکراوە، کە یەکێکە لە لقەکانی سیروان و دەکەوێتە سەرووی گوندی بەنیدەر لە قەزای سنە و دەتوانێ (٣٠٠ ملیۆن م٣) ئاو کۆ بکاتەوە. هەروا بڕی (٢٥٠ ملیۆن م٣) ئاو بۆ دەشتەکانی قوروە و دێگولان دەگوازێتەوە و (١٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێ.[٧٧]

---

73. Dr.Furat Alfaraj & Dr.Andrea Cattarossi, op.cit, p.13.

74. Ari.I.Amin & Najmadin.S.Ismail, Sirwan River, Sulaimaniya Directorate of Water Resources (Unpulished), p.2 and Dr.Furat Alfaraj & Dr.Andrea Cattarossi, op.cit, p.13.

75. Dr.Furat Alfaraj & Dr.Andrea Cattarossi, op.cit, p.13.

76. Ibid, p.14.

[٧٧] معرفی طرح آزاد و سامانه انتقال، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:

٧) بەنداوی داریان: ئەم بەنداوە لە (٨ کم)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری نۆدشە هەڵکەوتووە و ئێستا لە قۆناغی دروستکردندایە.(٧٨) مەبەست لەم بەنداوە، بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و دابینکردنی ئاوە بۆ پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و شار و گوندەکان. بەرزی بەنداوەکە (١٨٤ م)ە و توانای گلدانەوەی (٧٠٠ ملیۆن م ٣) ئاوی هەیە.(٧٩)

٨) تونێلی گواستنەوەی ئاوی نەوسوود: ئەم تونێلە بەشێکە لە پڕۆژەی دابینکردنی ئاو بۆ دەشتە گەرمەسێرییەکانی ڕۆژئاوای ئێران. بە سەرنجدان بە خاکی زۆر و قەیرانی کەمئاویی لە هەندێ ناوچەی وەك خووزستان، لە توێژینەوەیەك کە لە ژێر ناوی (پڕۆژەی دابینکردنی ئاوی دەشتە گەرمەسێرییەکانی ڕۆژئاوای وڵات) ئەنجامدراوە، ئامانجەکانی گواستنەوەی ئاو لە ڕوباری سیروان، بۆ سنووری دەشتەکانی سەرقەڵا یا مووسیان- عەین خۆش خراوەتە بەر توێژینەوە.(٨٠) ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە گواستنەوەی ئاو بە درێژایی (٤٦٠ کم)، هەڵکەندنی تونێلێك بە درێژایی (٤٨کم)، کە لە گوندی دووئاوەوە دەست پێدەکات تا مەڕەخێڵ و ئەزگەڵە و بە دەشتی زەهاودا ئاوی ڕوباری سیروان دەگوازێتەوە بۆ باشووری ئێران.(٨١) پڕۆژەکە لە لایەن کومپانیای هێرا(HERRA) جێبەجێ دەکرێ، بڕی تێچووەکەی بە (٦٠٠) ملیۆن دۆلار خەملێندراوە. ئەم پڕۆژەیە، یەکێکە لەو پڕۆژە مەترسیدارانەی، کە دەبێتە هۆی

---

http://anzalichi181.blogfa.com/post-15.aspx/lastvisited:29/12/2012.

(٧٨) احمد مطلق، پیشین.

(٧٩) شرکت مدیریت منابع آب ایران، مطالعات سدهای ملی، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:
http://portal.wrm.ir/Pages/PublicOvservationDams.aspx/ lastvisited:31/12/2012.

(٨٠) مرتضی اسماعیلی و حسین زمانی، تحلیل و طراحی سگمنت تونل انتقال آب سیروان، مجموعه مقالات دومین کنفرانس مکانیك سنگ ایران، دانشگاه تربیت مدرس، دانشکده عمران، تهران، ٢٤-٢٦ آذرماه ١٣٨٣ (٢٠٠١ ز)، ص ٦.

(٨١) عباس طاهری و حسن شمسی فراشاه، پیش بینی نرخ پیشروی ماشین حفر تونل دشت ذهاب، چهارمین کنفرانس زمین شناسی مهندسی و محیط زیست ایران، دانشگاه تربیت مدرس، تهران، ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٦٨٨.

**کەمبوونەوەی ئاوی سیروان بە ڕێژەی (٧٠٪) و کاریگەریی نەرێنی زۆر دادەنێ لە سەر پرۆژەکانی سەر سیروان. ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دەستی پێکردووە و بڕیار وایە (٦) ساڵ بخایەنێت.**[٨٢]

**٩) پرۆژە کارۆئاوییەکانی سەر رووباری سیروان: وەزارەتی وزەی ئێران بە مەبەستی کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە ئاوی رووباری سیروان، بە پێی گرێبەستی ژمارە(٠٣-٣١-٨٦) لە ٣١/٢/١٣٨٦ هـ.ش (٢٠٠٧ ز) پرۆژەی توێژینەوەی دەست نیشانکردنی وێستگە کارۆئاوییەکانی حەوزی سیروانی بە کۆمپانیای ئەندازیارانی راوێژکاری ئاو و گەشەکردنی بەردەوام (مهندسین مشاور آب و توسعه پایدار) سپاردووە. پرۆژەکان (٣) بەنداوی کۆکەرەوە و وێستگەی کارەبا لە بڵبەر بە توانای (١٢٠) میگاوات، بەنداوی کۆکەرەوەو و وێستگەی لێڵە بە توانای (٢٦) میگاوات، هەروا بەنداوی کۆکەرەوەی پاڵنگان بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ حەوزی رووباری کەرخە لە خۆ دەگرێ. لە ساڵانی رابردوو، چەندین توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجامدراون، بەڵام کەمتر گرنگی بە پرۆژە کارۆئاوییەکان دراوە و پێشینەی ئەم توێژینەوانە بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوانە، گواستنەوەی ئاوە بۆ حەوزەکانی دەوروبەر یا کەڵك وەرگرتنی باشترە لە سەرچاوەکانی ئاو وخاك.**[٨٣] **ئەم پرۆژانەش هەر هەموویان لەسەر لقەکانی رووباری سیروان جێبەجێ دەکرێن، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کەمکردنەوەی ئاوی رووبارەکە هەیە.**

**١٠) بەنداوی هەواسان: ئەم بەنداوە لەسەر رووباری هەواسان دروست دەکرێ، کە یەکێکە لە لقەکانی رووباری سیروان و دەکەوێتە قەزای سەلاسی باوەجانی و ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن. لە ساڵێکدا توانای کۆکردنەوەی (١٨٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و (١٨٠٠٠) هیکتار زەوی کشتوکاڵی ئاودێریی دەکات.**[٨٤]

---

[٨٢] لە پرۆژەیەکی نهێنیدا ئێران هەوڵی وشککردنی رووباری سیروان دەدات، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ٣١٧، ڕێکەوتی ١٤/٣/٢٠٠٧، ل ١.

[٨٣] شرکت آب و توسعه پایدار، معرفی پروژه مطالعات شناخت نیروگاههای برقابی در حوزه سیروان، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است: http://www.wikipg.com/lastvisited:29/12/2012.

[٨٤] شرکت آب منطقه‌ای استان کرمانشاه، سدهای مخزنی آماده اجراء، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:

**١١) بەنداوی زمکان: ئەم بەنداوە لەسەر رووباری زمکان، کە یەکێکە لە لقەکانی رووباری سیروان، لە قەزای دالاهۆی پارێزگای کرماشان جێبەجێ دەکرێ، (٤٨٪)ی کارەکانی تەواو بووە و لە ساڵێکدا توانای کۆکردنەوەی (٣٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە.[٨٥]**

**١٢) بەنداوی تەنگی حەمام: لەسەر رووباری قۆرەتوو، کە یەکێکە لە لقەکانی سیروان، لە قەزای سەرپێڵی زەهاو جێبەجێ دەکرێ، (٥٢٪)ی کارەکانی جێبەجێ کراون و لە ساڵێکدا توانای کۆکردنەوەی (٤٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە.[٨٦]**

**بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئێران کۆمەڵێك پرۆژەی جۆراوجۆری لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان جێبەجێکردووە. بێگومان ئەم پرۆژانە، کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئاوی رووبارەکە، ئەمەش پێچەوانەی بەندی (٥) لە رێککەوتنی بەکارهێنانی رووبارە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٥، کە هەردوولا پابەند دەکات بە گەرەنتی کردنی رۆیشتنی سروشتیی ئاو، لە رووبارە سنوورییی و یەك لەدوای یەکەکان و زیان نەگەیاندن بە یەکتر لە کاتی بەکارهێنانی ئەم رووبارانە و بە پێشێلکارییەکی زەقی ئەو رێککەوتنە دادەنرێ. جگە لەمەش، ئەم رەفتارانەی ئێران پێچەوانەی بەندەکانی (٥)، (٧)، (٨) و (٩)ی رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لە ساڵی ١٩٩٧.[٨٧]**

---

http://www.kshrw.ir/ab/Default.aspx?tabid=137/lastvisited:6/1/2013.

[٨٥] **شرکت آب منطقەای استان کرمانشاه، سدهای مخزنی آمادە اجراء، بر روی سایت زیر قابل مشاهده است:**

http://www.kshrw.ir/ab/Default.aspx?tabid=138/lastvisited:6/1/2013.

[٨٦] **هەمان سەرچاوە.**

([٨٧]) **ئەم هەڵسوکەوتانەی ئێران، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی راستەوخۆ دەخاتە ئەستۆی ئەو وڵاتە، کە لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بە تێروتەسەلی باسی لێوە دەکەین.**

## لقی دووەم

## پرۆژەکانی ئێستا و داهاتووی عێراق لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لە بەر گرنگی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و تێپەڕبوونی بە ناوچەیەکی دەشتایی زیاتر لە ناو خاکی عێراق، ئەم ولاتەش هەر لە کۆنەوە گرنگی بەوە داوە، کە سوود لە ئاوی ئەم ڕێڕەوی ئاوییە وەربگرێ، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پرۆژەی لەسەر سیروان ئەنجامداوە یا لە قۆناغی توێژینەوە و جێبەجێکردندان، کە لێرەدا بەمجۆرەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

١) بەنداوی دەربەندیخان: ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر ڕووباری سیروان لە قەزای دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی، بە دووریی (٦٥ کم) لە باشووری ڕۆژهەلاتی سلێمانی لە خالێ بە یەك گەیشتنی سیروان و تانجەرۆ، کە لە بەرزایی (٢٠٠٠ م) لەسەر ئاستی دەریا هەلکەوتووە. درێژییەکەی (٥٣٥ م) و پانییەکەی (١٧م) و بەرزییەکەی (١٢٨م)ە، تێکڕای تێپەڕبوونی ئاو تێیدا دەگاتە (١١٤٠٠ م٣/چ). سێ یەکەی کارۆئاویی هەیە، کە توانای بەرهەمهێنانی (١١٢,٥) میگاوات وزەی کارەبای هەیە و لە ٢٣/ ١٢/١٩٦١ بە فەرمی کراوەتەوە و ڕووبەری دەریاچەکەی دەگاتە (١٧١ کم٢).[٨٨] مەبەست لە دروستکردنی ئەم بەنداوە، کۆکردنەوەی ئاو، بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، پاراستنی ناوچەکە لە مەترسی لافاو، پرۆژەی ئاودێریی کشتوکالی، گەشتوگوزاریی و زیادکردنی سامانی

---

[٨٨] الحزب الديمقراطي الكردستاني، مياه كوردستان وآفاق مستقبل، ط ١، مكتب الدراسات والبحوث المركزی، دهوك، ١٩٩٦، ص ٢٠. هەروەها د.احمد سوسه، فيضانات بغداد في التاريخ (القسم الثالث)، المصدر السابق، صص ٨٨٧- ٨٩٤. هەروەها وزارة الموارد المائية العراقية، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥، بغداد، ٢٠٠٥، ص ٧٨. هەروەها د.جەزا تۆفيق تالب، داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلێنەوەی ستراتیجی، سەنتەری لێکۆلێنەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، سالی چواردەهەم، ژمارە ٣، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل ١٥- ١٦. هەروەها: Almas Heshmati, op.cit, p.63.

ماسییه، كه توانای گلدانەوەی (٣,٥ ملیار م ٣) ئاوی هەیه.[٨٩] هەروا ئەم بەنداوه توانای ئاودێریی كردنی (١٢٥٠٠٠) هیكتار زەوی هەیه.[٩٠]

٢) بەنداوی حەمرین: بەهۆی بەربڵاویی حەوزی ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بەنداوی دەربەندیخان نەیتوانی بە تەنیا گرفتەكانی تایبەت بە مەترسی لافاو چارەسەر بكات. هەربۆیه بڕیاردرا بە دروستكردنی بەنداوی حەمرین، وەك تەواوكەری بەنداوی دەربەندیخان، بۆ چارەسەركردنی مەترسی لافاو لەسەر شاری بەغداد.[٩١] ئەم بەنداوه، دەكەوێتە شوێنی بە یەك گەیشتنی شاخی حەمرین و رووباری سیروان و (١٢٠كم) لە بەغدادەوە دووره، درێژییەكەی (٣٣٦٠ م) و پانییەكەی (٧٠ م) و بەرزییەكەی (٤٠ م)ه، توانای گلدانەوەی (٣,٩٥ ملیار م ٣) ئاوی هەیه و رووبەری دەریاچەكەی (٤٤٤ كلم٢)یه و لە ساڵی ١٩٨١ كەوتۆتەكار.[٩٢] ئەم بەنداوه، بە مەبەستی دوورخستنەوەی هەڕەشەی لافاو و ئاودێریی دروستكراوه، كه توانای ئاودێریی كردنی (٧٥٠٠٠٠) دونم زەوی هەیه و دەتوانێ (٥٠) میگاوات كارەبا بەرهەم بهێنێ.[٩٣]

٣) بەنداوی سەقامگیری دیاله (سد دیالی الثابت): ئەم بەنداوه، لە ساڵی ١٩٢٨ لەسەر شێوازی دیوارێكی كۆنكریتی لە سەر رووباری سیروان بنیاتنراوه و

---

[٨٩] د.عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشووری كوردستان، چ ٢، دەزگای توێژینەوه و بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٠٣. هەروەها عبدالرضا الحمیري، المصدر السابق، ص ٣٥٢.

[٩٠] د.ابراهیم احمد سعید، استراتیجیة الأمن المائي العربي: دراسة في الهیدروجغراسیا العربیة و الهیدروأوسطیة، ط ١، الأوائل للنشر والتوزیع والخدمات الطباعیة، دمشق، ٢٠٠٢، ص ٧٧.

[٩١] جلیل البصري، رؤیة للسیاسة المائیة العراقیة بعد صدام و أهمیة كردستان العراق فیها، ب ط، مطبعة الشهید آزاد هورامي، كركوك، ٢٠٠٦، ص ٢٤. هەروەها وزارة الموارد المائیة العراقیة، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥، ص ٨٣. هەروەها نزار السامرایي، أزمة المیاه في العراق، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
www.adhwaa,org/files/6-15-2011.pdf/lastvisited: 4/8/2012.

[٩٢] عبدالرضا الحمیري، المصدر السابق، ص ٣٥٣. هەروەها وزارة الموارد المائیة العراقیة، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥، ص ٨٣. هەروەها د.فەرەیدوون كاكەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨- ٣٩.

[٩٣] د.جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

له نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠ به دیزاینێكی نوێ چاككراوەتەوە. ئەم بەنداوە رۆڵێكی زۆری هەبووە لە گەشەپێدانی سامانی كشتوكاڵی لە پارێزگای دیالە. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦- ١٩٦٩ ئەم بەنداوەی ئێستا، لە شوێنی بەنداوە سەقامگیرە كۆنەكەی ساڵی ١٩٤٠ بنیاتنرا و دوو رێكخەری (ناظم) بۆ دروستكرا، یەكەمیان بۆ جۆگەی خاڵس لەلای راستی رووباری سیروان و دووەمیان لەلای چەپ، كە بە (الصدر المشترك) ناسراوە بۆ رێكخستنی ئاوی جۆگەكانی مەندەلی و رۆز و مقدادیە و ساریە، كە درێژییەكەی (٤٠٠ م)ە و (٢٣) دەرگای هەیە.[٩٤]

٤) پرۆژەی جۆگەی بالاجۆ: پاش ئەوەی دەوڵەتی ئێران لە ساڵی ١٩٦٠ ئاوی رووباری ئەڵوەندی گرتەوە، بەشێكی زۆر لە باخ و بێستانەكانی ناوچەی خانەقین بەم هۆیەوە زیانیان لێكەوت، بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە، لە ساڵی ١٩٦٠ حكومەتی عێراق هەڵسا بە دروستكردنی جۆگەی بالاجۆ بە درێژایی (٤١ كم) و پانی (١٠- ٢٠ م) و قووڵی (٣- ١٠ م) لە رووباری سیروان (لە خوارووی بەنداوی دەربەندیخان)، بە مەبەستی گەیاندنی ئاوی ئەم رووبارە بۆ رووباری ئەڵوەند و دابینكردنی ئاوی پێویست بۆ باخ و بێستانەكانی ناوچەی خانەقین.[٩٥] ئەم پرۆژەیە، دەكەوێتە لای چەپی رووباری سیروان و ئێستاش بە مەبەستی گەشەپێدانی زیاتر، توێژینەوەی لەسەر دەكرێ و سەرلەنوێ دیزاینی بۆ دەكرێتەوە و لە سێ پرۆژەی تێكەڵ بە یەكتر پێكهاتووە، كە بریتین لە: پرۆژەكانی ئاودێریی بالاجۆو خانەقین‌و ئەڵوەند، كە بڕیاروایە بكرێتە یەك پرۆژە بە ناوی بالاجۆ- خانەقین- ئەڵوەند. ئەم پرۆژەیە (٨٨٩٠٠) دۆنم زەوی ئاودێریی دەكات.[٩٦]

---

[٩٤] د.محمد يوسف حاجم و باسم مجيد حميد، المصدر السابق، صص ٩٤- ٩٥. هەروەها وزارة الموارد المائية العراقية، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥، ص ١٢٩.

[٩٥] د.خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، ب گ، الاتحاد العام لنساء العراق أمانة الدراسات و البحوث، بغداد، ١٩٨٢، ص ٢٣ -٢٤. هەروەها د.احمد سوسە، فيضانات بغداد في التاريخ (القسم الثالث)، المصدر السابق، ص ٩١٥.

[٩٦] وزارة الموارد المائية العراقية، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥، المصدر السابق، ص ١٨٤.

٥) بەنداوی باوەنوور: ئەم بەنداوە دەکەوێتە خواروی بەنداوی دەربەندیخان بەرامبەر ناحیەی باوەنوور لە قەزای کەلار، لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٥/٨/٢٠١٣ دەست بە جێبەجێکردنی کراوە. نزیکەی (٥٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێ و سیمایەکی جوانیش بە ژینگە و بواری گەشتیاریی ناوچەکە دەبەخشێ.[٩٧] بەرزیی ئەم بەنداوە (٢٠ م)ە و توانای گلدانەوەی (٥٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و (٦٥٠٠٠) دۆنم زەوی بەراو دەکات.[٩٨]

٦) بەنداوی دێوانە: ئەم بەنداوە لەسەر چەمی دێوانە، کە یەکێکە لە لقەکانی رووباری سیروان و دەکەوێتە قەزای دەربەندیخان دروست دەکرێ، لە ١٧/١٠/٢٠١٠ دەست بە دروستکردنی کراوە و هەتا ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە. ئامانج لە دروستکرنی ئەم بەنداوە، ئاودێریی، گەشتوگوزار و ژیاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوییە. بەرزییەکە (٤١ م)ە و توانای کۆکردنەوەی (٢١ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و(١٥٠٠) دۆنم زەوی بەراو دەکات.[٩٩]

٧) بەنداوی بەردەسوور: ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر رووباری سیروان لە قەزای کەلار، توێژینەوە و نەخشەسازیی بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام هەتا ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی نەکراوە. بەرزییەکەی (٢٨ م) و پانییەکەی (١٢ م)ە، توانای گلدانەوەی (٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و (٣٠٠) دۆنم زەوی بەراو دەکات و توانای بەرهەمهێنانی (٦٠) میگاوات کارەبای هەیە.[١٠٠]

٨) بەنداوی ئەڵوەند: ئەم بەنداوە لەسەر رووباری ئەڵوەند، کە یەکێکە لە لقە سەرەکییەکانی سیروان دەبەسترێ، هەتا ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و لە

---

[٩٧] فەتاح حەسەن قەڵاتی، دروستکردنی سێ بەنداو دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، وتارێکە لەسەر ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە دەبینرێ:
www.knew.org/direje.aspx/Cor=11&Besh=Araste&Jimare10867/lastvisited:20/6/2011.

[٩٨] بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، زانیاریی بڵاونەکراوە، لە رێکەوتی ٢٨/٢/٢٠١٢.

[٩٩] هەمان سەرچاوە.

[١٠٠] هەمان سەرچاوە.

ڕێکەوتی ٢/٥/٢٠١٠ بەردی بناغەی دانراوە و دەکەوێتە نزیك گوندی مەلاعەزیز بە دووریی (٧ کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری خانەقین. ئەم بەنداوە، درێژییەکەی (١٣٣٠ م) و بەرزییەکەی (٢٤ م)ە، توانای گلدانەوەی (٣٧,٨ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و دەتوانێ (٢١١٢٠) دۆنم زەوی بەراو بکات. جگە لەمەش، ئەم بەنداوە ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە، دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری خانەقین، گەشەپێدانی سامانی ماسی و کەرتی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا.[١٠١]

---

[١٠١] وزير الموارد المائية يضع حجر الأساس لمشروع سد الوند في قضاء خانقين، مجلة عطاء الرافدين، وزارة الموارد المائية العراقية، العدد (٤١)، حزيران ٢٠١٠، ص ٣. هەروەها د.جمعة علي داى، سكان مدينة خانقين للسنوات ٢٠٠٣- ٢٠١٠: دراسة في جغرافية، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، كركوك، المجلد السابع، العدد (٣)، ٢٠١٢، ص ٧.

## باسی دووەم

# سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و بنەما و تیۆرییە یاسازانییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان و بنەما و تیۆرییە یاسازانییەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لەم ڕێڕەوە، ئەم باسە بەسەر سێ مەبەستدا دابەش دەکەین. لە مەبەستی یەکەم، باس لە سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەکەین. لە مەبەستی دووەم، بنەماکانی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان وپیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان دەخەینەڕوو. لە مەبەستی سێیەم، ئاماژە بە تیۆرییە یاسازانییەکان دەکەین بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان وپیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان.

## مەبەستی یەکەم

## سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان

توێژینەوە لە ڕێکخستنی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان، وادەخوازێ پێش هەموو شتێك باس لە سروشتی یاسایی ئەم ڕێڕەوە بکەین. لێرەدا پرسیارێك خۆی دەخاتەڕوو، کە ئایا سروشتی یاسایی ئەم ڕێڕەوە ئاوییە چیە؟ ئایا سیروان ڕێڕەوێکی ئاویی نێودەوڵەتییە یا ناوخۆییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و چەسپاندن و ڕوونکردنەوەی مافەکانی عێراق وپابەندییەکانی ئێران لەم ڕێڕەوە ئاوییە، بە پێویستی دەزانین، باس لە قۆناغەکانی گەشەکردنی پێناسەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بکەین، بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەدا سروشتی یاسایی ڕێڕەوی ئاویی سیروان بخەینە ڕوو.

گەشەکردنی چەمکی رووبارە نێودەوڵەتییەکان بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕبووە. ئەم چەمکە بەر لە دروستبوونی دەوڵەت و سەرهەڵدانی چەمکی سەروەریی (سیادة) ناسراو نەبووە، هەربۆیە سەرهەڵدانی چەمکی سەروەریی، رۆڵی باڵای هەبووە بۆ لەدایکبوونی بیرۆکەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان. هەربۆیە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، بیرۆکەی جیاکردنەوەی رووباری نێودەوڵەتی لە رووباری ناوخۆیی هاتەئاراوە.[١٠٢] بە شێوەیەکی گشتی، رووبارەکان لە رووی پەیوەندییان بە سنوورە سیاسییەکانەوە بەسەر دوو دەستەدا پۆلێن دەکرێن: رووبارە ناوخۆییەکان یا نیشتمانییەکان (الأنهار الداخلية أو الوطنية) و رووبارە نێودەوڵەتییەکان (الأنهار الدولية). رووباری ناوخۆیی ئەو رووبارەیە، کە هەموو لقەکانی، هەر لە سەرچاوەوە (منبع) هەتا رێژگە (مصب)، دەکەوێتە ناو هەرێمی یەك دەوڵەت و ملکەچە بۆ سەروەریی نیشتمانی دەوڵەتێکی دیاریکراو و یاسا نێودەوڵەتییەکان لەسەری جێبەجێ نابێت. ئەو دەوڵەتە ئازادە لە هەموو شێوازەکانی بەکارهێنانی، کە زۆربەی رووبارەکانی جیهان دەکەونە ناو ئەم گرووپەوە، وەك رووباری تایمز لە بریتانیا یا رووباری لیتانی لە لوبنان.[١٠٣] هەندێك پێیانوایە ئەگەر رووباری ناوخۆیی، بەپێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەندییەکەی (إختصاص) کۆتبەند (مقيد) بکرێت، بۆ نموونە تەرخانکردنی بۆ کەشتیرانی، یا بەهۆی گۆڕانکاریی لە بارودۆخی نێودەوڵەتی یا لە پێگەی یاسایی ئەو دەوڵەتەی، کە رووبارەکە بە ناو

---

[١٠٢] د.صبحي أحمد زهير العادلي، النهر الدولي المفهوم والواقع في بعض أنهار المشرق العربي، ط ١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، صص ٩٧- ٩٩.

[١٠٣] د.قاسم شاكر محمود، الأنهار العربية الدولية أوضاعها الجغرافية و تنظيمها القانوني (دجلة والفرات نموذجاً)، بحوث الندوة دراسات حول مشكلة المياه في العراق، نظمها قسم الدراسات الجغرافية في مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، بغداد، ٢٠/٥/٢٠٠٩، ص ٤٥. هەروەها نوري رشيد نوري الشافعي، تلوث الأنهار الدولية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية القانون، جامعة بغداد (غير منشور)، ٢٠٠٦، ص ٦١. هەروەها د.محمد حافظ غانم، مبادئ القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية ولاحكامه العامة، ط ١، القاهرة، ١٩٥٦، ص ٢٧٥. هەروەها د.نجدت صبري عقراوي، الإطار القانوني للأمن القومي، ب ط، مطبعة زانكو، اربيل، ٢٠٠٤، ص ١٣٨.

هەرێمەکەیدا تێپەڕ دەبێ، ئەوا ئەو رووبارە، سیفەتی ناوخۆیی لە دەست دەدات و دەبێتە رووبارێکی نێودەوڵەتی.[١٠٤]

زاراوەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان، بۆ یەکەمجار لە پەیماننامەی ئاشتیی پاریس لە ٣٠ / ٥ / ١٨١٤ هاتەئاراوە بە مەبەستی پەرەپێدانی ئاشتی، ئەمەش بەهۆی بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکان لە بواری بازرگانی و گواستنەوەی نێودەوڵەتی و کەشتیرانی لەو سەردەمەدا، کە ببووە سەرچاوەیەك بۆ ململانێ لە نێوان دەوڵەتاندا. بەپێی ئەم پەیمانە، رووباری نێودەوڵەتی بریتییە لەو رووبارەی، کە هەرێمی دوو دەوڵەت یا زیاتر دەبڕێ یا لە یەکتر جیایان دەکاتەوە. بەمجۆرە دەردەکەوێ، ئەم پەیماننامەیە بۆ پێناسە کردنی رووباری نێودەوڵەتی، پشتی بە پێوەری جوگرافی سیاسی بەستووە.[١٠٥] دوابەدوای ئەمەش، پشت بە پێوەری کەشتیرانی بەسترا بۆ ئەم پێناسەکردنە، هەر وەك چۆن لە بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ ئاماژەی پێکراوە، کە رووباری نێودەوڵەتی بریتییە لەو رووبارەی، کە رێڕەوەکەی شیاوی کەشتیرانییە و سنووری ژمارەیەك دەوڵەت دەبڕێ یا لە یەکتر جیایان دەکاتەوە. لێرەدا بە پێچەوانەی پەیماننامەی پاریس، بۆ پێناسەی رووباری نێودەوڵەتی، هەردوو پێوەری جوگرافی و شیاوبوونی رووبار بۆ کەشتیرانی بە یەکەوە کۆ کراونەتەوە.[١٠٦]

---

[١٠٤] داليا إسماعيل محمد، المياه والعلاقات الدولية: دراسة في أثر أزمة المياه على طبيعة ونمط العلاقات العربية التركية، ط ١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٤١. هەروەها د.أحمد الرشيدي، الأنهار الدولية في الوطن العربي: أوضاعها الجغرافية و تنظيمها القانونية، مجلة شؤون عربية، جامعة الدول العربية، العدد (٨٦)، القاهرة، ١٩٩٦، ص ٢٤.

[١٠٥] لهيب صبري ديوان الطائي، الأحكام الخاصة بالمجاري المائية الدولية المستخدمة لأغراض غير ملاحية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الشرق الأوسط (عمان)، ٢٠١١، ص ١٤. هەروەها د.عزالدين على الخيرو، الفرات في ظل القواعد القانون الدولي العام، ب ط، دارالجيل للطباعة، القاهرة، ١٩٧٥، ص ٧. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١٠٤.

[١٠٦] د.سعيد سالم جويلي، قانون الأنهار الدولية، من بحوث المؤتمر " المياه العربية و تحديات القرن الحادي و العشرين" الذي ينظمه مركز دراسات المستقبل بجامعة أسيوط في الفترة من ٢٤-٢٩ نوفمبر عام ١٩٩٨، ص ٦. هەروەها ممدوح توفيق القاضي، إستغلال الأنهار الدولية في غير شئون الملاحة و

**هەروا هەر یەك لە یاسازانان (شارل رۆسۆ) و (باستید) جەختیان لەسەر ئەو پێناسەیە کردۆتەوە، بەڵام یاسازان (جۆرج سل)، ئەو رووبارە بە نێودەوڵەتی دەزانێ، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرنگی بە کەشتیرانی بدات لەو رووبارەدا، تەنانەت ئەگەر بەناو خاکی یەك دەوڵەتیشدا تێپەڕ ببێ، واتە ئەگەر رووبارێك بەناو خاکی زیاتر لە دەوڵەتێکیشدا تێپەڕ ببێ، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرنگی بە کەشتیرانی نەدات لەو رووبارەدا، ئەوا بە رووباری نێودەوڵەتی لە قەڵەم نادرێ.[١٠٧] بۆچوونی نێودەوڵەتی، ئەم بۆچوونەی جۆرج سلی پەسند نەکرد و پێوەری هەرێمیی، بە خاڵی جیاکەرەوەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان دادەنا.[١٠٨] هەندێ لە یاسازانان وەك (ئۆپنهایم)، (فوشی) و (وایتمان) جیاوازییان کردووە لە نێوان رووبارە سنوورییەکان و رووبارە یەك لەدوای یەکەکان مەبەست لەوەی یەکەمیان ئەو رووبارانەیە، کە سنووری نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر پێکدەهێنن، بەڵام رووبارە یەك لەدوای یەکەکان، ئەو رووبارانەیە، کە هەرێمی دوو دەوڵەت یا زیاتر دەبڕن.[١٠٩]**

---

مشكلة نهر الأردن، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، ١٩٦٧، صص ٢٥- ٢٦. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ١٠٠ و ١٠٥.

[١٠٧] د.عصام العطية، القانون الدولي العام، ط ٢، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٢، ص ١٦٥. هەروەها شارل روسو، القانون الدولي العام، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٢، ص ٢٠٢. هەروەها ڤيان موفق الشاكر، النظام القانوني للموارد المائية المشتركة بين العراق وإيران، ط ١، وزارة الخارجية العراقية، بغداد، ٢٠١١، ص ٣٤. هەروا د.زياد عبدالوهاب النعيمي، التعاون الاقليمي بين الدول المتشاطئة وفق أحكام القانون الدولي، مجلة الدراسات الاقليمية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد ٢٧، ٢٠١٢، صص ٢٥٦- ٢٥٧.

[١٠٨] د.وليد بيطار، القانون الدولي العام، ط ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع (مجد)، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٢٧٣. هەروەها د.جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الإيرانية دراسة وثائقية قانونية، ب ط، مطبعة دارالسلام، بغداد، ١٩٧٥، صص ٣٢٤- ٣٢٥.

[١٠٩] د.على اميدى، اعتبار پيمان ١٩٧٥ الجزائر از ديد حقوق بين الملل، مجله اطلاعات سياسى- اقتصادى، مؤسسه اطلاعات، تهران، شماره ٢٤٣- ٢٤٤، آذر و دى ١٣٨٦ ه.ش ( ٢٠٠٧ ز)، ص ٩. هەروەها فيروز احمد نمر مهيار، النظام القانوني لنهر الأردن، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية القانون، جامعة بغداد (غير منشور)، ١٩٩٨، صص ٤٢- ٤٣. سليم حداد، مشكلة المياه والقانون الدولي:

ئەم بۆچوونە دەربارەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە سەدەیەك بەردەوام بوو، هەتا کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و گرێدانی پەیماننامەی ئاشتی ڤێرسای لە ١٩١٩/٦/٢٨، کە لە بەندی (٣٣١) رووباری نێودەوڵەتی بە رووبارێك دەناسێنێ، کە شیاوی کەشتیرانی بێت و لە رێگایەوە زیاتر لە دەوڵەتێك، دەستیان بە ئاوە ئازادەکان رابگات.[١١٠] هەروا لە کۆنگرەی ڤێرسای، داواکرا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا لە ژێر چاودێریی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) گرێ بدرێت، ئەوەبوو لە ١٩٢١/٤/٢١ کۆنگرەی بەرشلۆنە تایبەت بە پەیوەندییەکان و گواستنەوە گرێدرا.[١١١] رێککەوتنی بەرشلۆنە لە بری بەنێودەوڵەتی کردنی تایبەت، سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی گشتی، بەسەر ئەو رووبارانەدا چەسپاند، کە هەندێك مەرجی دیاریکراویان تێدابوو. هەروا لە جیاتی زاراوەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان، زاراوەی رێڕەوە ئاوییەکانی خاوەن قازانجی نێودەوڵەتی بەکارهێنا و وێڕای جەختکردنەوە لەسەر پێوەرەکانی پێشوو، وەك شیاوبوونی بۆ کەشتیرانی، جیاکردنەوە یا تێپەڕبوونی بە ناو چەند دەوڵەتێکدا، پێوەری ئابووریشی وەك تەواوکەرێك بۆ پێناسە کۆنەکە زیاد کرد.[١١٢] دادگای

---

مشکلة المیاه في الشرق الأوسط دراسات قطریة حول الموارد المائیة و استخداماتها (الجزء الثاني)، ط ١، مرکز الدراسات الإستراتیجیة والبحوث والتوثیق، بیروت ، ١٩٩٤، ص ٢٠٦.

[١١٠] بهمن آقایی، رژیم حقوقی اروندرود، مجله سیاست خارجی، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه ایران، شماره (٨)، تهران، اسفند ١٣٦٧ ه.ش (١٩٨٨ ز)، ص ٦٠٨.

[١١١] د.شێرزاد ئەحمەد نەجاڕ، سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی سەبارەت بە رووبارە نێودەوڵەتییەکانەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ژمارە ١٨، هەولێر، زستانی ٢٠٠١، ل ١١٧. هەروەها د.حاتم مهدي الدفاعي، إشکالیة المیاه بین القانون والسیاسة، مجلة جامعة کرکوك للدراسات الانسانیة، المجلد السابع، العدد ١، کرکوك، ٢٠١٢، ص ٣.

[١١٢] ناصر فرشادگهر، نظام حقوقی رودهای بین المللی و اروندرود، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه ایران، تهران، ١٣٦٧ ه.ش (١٩٨٨ ز)، ص ٦. هەروەها شارل روسو، المصدر السابق، ص ٢٠٥. هەروەها د.صبحي أحمد زهیر العادلي، المصدر السابق، ص ١٠٨. د.ولید بیطار، المصدر السابق، صص ٢٧٨- ٢٧٩. هەروەها د.عبدالکریم علوان، القانون الدولي العام: المبادئ

نێودەوڵەتی هەمیشەیی داد، لە بڕیاریکیدا لە ١٠/ ٩/ ١٩٢٩ دەربارەی کێشەی رووباری ئۆدیر، دوو مەرج بۆ بەنێودەوڵەتی بوونی رووبار دادەنێ، کە خاڵی جیاکەرەوەن لە نێوان رووبارە نێودەوڵەتییەکان و رووبارە ناوخۆییەکاندا، مەرجەکانیش بریتین لە: أ) دەبێ رێڕەوە ئاوییەکە شیاو بێت بۆ کەشتیرانی، ب) بەشێوەیەکی سروشتی لە لایەن زیاتر لە دەوڵەتێکەوە بەکار بێت وەك دەروازەیەك (منفذ) بۆ گەیشتن بە دەریا.[١١٣]

بە سەرنجدان بەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە لەو پێناسانەدا، تەنها پشت بە لایەنی کەشتیرانی و جوگرافی رووبارەکان بەستراوە و لایەنەکانیتریان لە بیرکردووە. دوابەدوای ئەو پێشکەوتنانەی، کە لە بواری بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکاندا هاتەئاراوە، ئەو پێناسانەی سەرەوە، نەیانتوانی وەڵامدەرەوەی خواستەکانی سەردەم بن و لە کاتی رووودانی ناکۆکی، مافی دەوڵەتە هاوکەنارەکان بپارێزن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە یاسازانان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتی، واز لەو پێناسانە بهێنن و هەوڵی دۆزینەوەی پێناسەیەکی نوێ بدەن، کە لە گەڵ بەکارهێنانە نوێیەکانی رووبارە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێ. ئەم هەوڵانەش بوونە هۆی گەشەکردنی چەمك و واتای رووبارە نێودەوڵەتییەکان، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو زاراوە نوێیانە بخەینەڕوو بەجۆرەی خوارەوە:

---

العامة، القانون الدولي المعاصر (الجزء الأول)، ب ط، ، منشأة المعارف، الإسكندرية، ٢٠٠٧، ص ٤٢٨.

[١١٣] محمد جواد علي المبارك، أثر المياه في العلاقات بين الدول: دراسة في مكامن الصراع أو التعاون بين دول المشرق العربي و دول الجوار الجغرافي، اطروحة الدكتوراه مقدمة الى كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤، ص ٨. هەروەها علاء اللامي، القيامة العراقية الآن! كي لاتكون بلاد الرافدين بلا رافدين، ب ط، دار الغد، بغداد، ٢٠١٢، ص ١٥٧. فيروز احمد نمر مهيار، المصدر السابق، ص ٣٧. هەروەها:

Yuksel Inan, Legal Dimmentions of International Watercourse (Euphrates and Tigris): water As An Element of Cooperation as Development in The Middle East, Hacttepe University, Ankara, 1994, p.226.

**یەکەم/ حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتی (حوض الصرف الدولي):**

کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی، لە کۆنگرەی هلسینکی لەساڵی ١٩٦٦ کۆمەڵێك ڕێسای خستەڕوو بۆ بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارەکان، کە بە (ڕێساکانی هلسینکی) ناسراون و لە حاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتن یا نەریتی نێودەوڵەتی کاریان پێدەکرێ.[١١٤] بەندی دووەمی ئەم ڕێسایانە، زاراوەی (حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتی) خستەڕوو و دەڵێ: "حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتی بریتییە لە ناوچەیەکی جوگرافیایی لە نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر، کە بە هۆی سنوورەکانی کۆکەرەوەی ئاوی تایبەت بە تۆڕێکی ئاو، لەوانەش ئاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکان دیاریی دەکرێت و بەرەو خاڵێکی بەیەك گەیشتنی هاوبەش هەڵدەقوڵێت". ئەم چەمکە، هەموو حەوز وەك یەکەیەکی تەواوکەر (وحدة متكاملة) سەیر دەکات، نەك ڕووبار وەك ڕێڕەوێکی ئاویی. چەمکی حەوز هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە، کە دێنەوە سەر یەك ڕێڕەو، وەك ئاوی ژێرزەوی یا هەندێك لە لقەکانی ئاو و لەوانەیە حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتی زیاتر لە ڕووبارێك بگرێتەوە. بەپێی ئەم چەمکە، ئەگەر یەکێك لە لقەکانی ڕووبار نێودەوڵەتی بێت، بەسە بۆ ئەوەی ڕووبارەکە بەنێودەوڵەتی لە قەڵەم بدرێ.[١١٥] هەروا بەندی سێیەمی ڕێساکانی هلسینکی بەمجۆرە پێناسەی دەوڵەتی حەوز دەکات: "دەوڵەتی حەوز ئەو دەوڵەتەیە، کە هەرێمەکەی بەشێك لە حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێ". بە پێی نەریت، زاراوەی دەوڵەتی هاوکەنار ئەو دەوڵەتانە ناگرێتەوە، کە ئاوە

---

[١١٤] د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١١٣.

[١١٥] د.مأمون مصطفى، مدخل الى القانون الدولي العام، ط ١، دار روائع مجدلاوي، عمان، ٢٠٠٢، ص ١٣٥. هەروەها د.صلاح عبدالبديع شبلي، مشكلة المياه العذبة في إطار الاتفاقية الدولية الجديدة، مجلة السياسة الدولية، دارالأهرام، العدد (١٣٧)، يوليو ١٩٩٩، صص ١٤-١٥. محمدحسن نامی، جغرافیای سیاسی آبهای مرزی ایران (رودخانەها)، چ ١، نشر سهره و نشر زیتون، تهران، ١٣٩٠ هـ.ش (٢٠١١ ز)، ص ٢١. لهيب صبري ديوان الطائي، المصدر السابق، ص ١٧. هەروەها:
Nico Schrijver and Friedl Weiss, International Law and Sustainable Development: Priciples and Practice, Martinusn Nijhoff Publishers, Leiden, 2004, p.560.

ژێرزەوییەکانی بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداریی لە ڕێڕەوەکانی ئاوی سەرزەوی دەوڵەتێکیتردا دەکەن، بەڵام زاراوەی دەوڵەتی حەوز، ئەو دەوڵەتانەش دەگرێتەوە، کە هەرێمەکەیان بە بڕێك ئاو بەشداریی لە حەوزی ڕێکردنی نێودەوڵەتیدا دەکەن، بە بێ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە هاوکەناری رووبار بن.(١١٦)

بەپێی ئەم چەمکە، رووباری نێودەوڵەتی یەکەیەکی ئابووریی یەکگرتووە، کە پێویستە ئاوەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان دەوڵەتانی حەوزدا دابەش بکرێ، هەروا بە مەبەستی پاراستنی ئاوی رووبار، ئەو دەوڵەتانە پابەند دەکات هاوکاریی و راوێژی پێشوەختە ئەنجام بدەن، دەربارەی ئەو پڕۆژانەی کە دەیانەوێ جێبەجێی بکەن.(١١٧) ئەم پێناسەیە، هەرچەندە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پەرەپێدانی چەمکی رووبارە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام رەخنەی ئەوەی لێگیرا، کە خاوەن سروشتێکی جوگرافییە و پێویستییەکانی گەشەپێدانی کەڵك وەرگرتن لە رووبارە نێودەوڵەتییەکان بەرتەسك دەکاتەوە. هەروا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازە نوێ و پێشکەوتووەکانی گواستنەوەی ئاو و کەڵك لێوەرگرتنی لە دەرەوەی جوگرافیای دیاریکراوی حەوز، هەرچەندە لە چوارچێوەی پشکی دیاریکراوی دەوڵەتی هاوکەناریش بێت.(١١٨)

**دووەم/ ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی (المجرى المائي الدولي):**

هەر وەکوو پێشتر وتمان، هەوڵی جیاوازی دەوڵەتان بۆ تەواوکردنی واتای حەوزی رووبار زیاتر لە نیو سەدە بەردەوامبوو، ئەم هەوڵانە سەرئەنجام لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتە ئاکام. سەرەتا لە ناو کۆمیتەی یاسای

---

(١١٦) يحيى حسن جديع، اشكالية النهر الدولي و صراع المستقبل: دجلة والفرات نموذجاً، ط ١، دار الدكتور للعلوم، بغداد، ٢٠١٢، ص ٦. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١١٤.

(١١٧) ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ٣٧.

(١١٨) د.منصور العادلي، موارد المياه في الشرق الأوسط صراع أم تعاون (في ظل قواعد القانون الدولي)، ب ط، دارالنهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٦، ص ٨. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١١٦.

نێودەوڵەتی[١١٩] بیروبۆچوونی جیاواز هەبوو دەربارەی زاراوەکان، بەڵام سەرئەنجام رای کۆمیتەکە لەسەر زاراوەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان (المجری المائي الدولي) جێگیر بوو.[١٢٠] بە گوێرەی بڕگەی (أ) لە بەندی دووەمی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ڕێرەوی ئاویی (المجری المائي) بریتییە لە: تۆڕی ئاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکان، کە بە حوکمی پەیوەندیی سروشتییان لە گەڵ یەکتر یەکەیەکی تەواو (کلاً واحداً) پێکدەهێنن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو خاڵێکی بەیەك گەیشتنی هاوبەش هەڵدەقوڵێن. هەروا بەپێی بڕگەی (ب) لە هەمان بەند، مەبەست لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی (المجری المائي الدولي)، هەر ڕێرەوێکی ئاوییە، کە بەشەکانی دەکەوێتە ناو دەوڵەتانی جیاوازەوە. بەپێی بڕگەی (ج)، دەوڵەتی ڕێڕەوی ئاویی (دولة المجری المائي) ئەو دەوڵەتەیە، کە بەشێك لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ناو هەرێمەکەی.[١٢١] ئەم ڕێککەوتنە بە شێوەیەکی روون ئەو ڕێسا سەرەکییانەی خستۆتەڕوو، کە بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ناکەشتیرانیدا ڕێکدەخەن، بەجۆرێك، کە رەچاوی بەرژەوەندیی هەموو دەوڵەتانی هاوکەنار دەکات. هەروا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، بەر لە سەدەی بیستەم، واتای رووباری نێودەوڵەتی تەنها ڕێڕەوی

---

[١١٩] کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی(ILC) ، دەستەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی دادەنرێ، ٣٥ ئەندامی هەیە، کە بەپێی نوێنەرایەتی کردنی جوگرافی لە لایەن دەوڵەتەکانیانەوە دەست نیشان دەکرێن. ئەندامەکایان بۆ ماوەی (٥) ساڵ دادەنرێن و کۆبوونەوەکانی ساڵانەیە و ئامانج لە پێکهێنانی گەشەپێدان و کۆدکردنی یاسای نێودەوڵەتییە.

[١٢٠] د.مغاوري شحاتة دياب، نهر النيل بين التحديات والفرص، ط ١، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ٢٠١٢، ص ١٢٩. هەروەها د.صلاح عبدالبديع شبلي، المصدر السابق، ص ١٧. هەروەها د.زياد عبدالوهاب النعيمي، المصدر السابق، ص ٢٦٢.

[١٢١] د.منى القاضي، حقوق دول المنبع ودول المجرى في التشريعات القانونية حول الأنهار: الأمن المائي العربي، ط ١، مركز الدراسات العربي ـ الأوروبي، بيروت، ٢٠٠٠، ص ٥٧. هەروەها طارق المجذوب، أزمة المياة و مشروع قانون استخدام المجاري المائية الدولية للأغراض غير الملاحية: مشكلة المياه في الشرق الأوسط دراسات قطرية حول الموارد المائية و استخداماتها (الجزء الثاني)، ط ١، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت ، ١٩٩٤، ص٢٨٠. هەروەها: Yuksel Inan,op.cit, p.226.

رووبارەکەی دەگرتەوە، چونکە ئەو کاتە زیاتر لایەنی کەشتیرانی رووبارەکان گرنگی پێدەدرا، بەڵام دواتر ئەم چەمکە فراوانتر بوو و واتای رووباری نێودەوڵەتی ئاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانیشی گرتەوە.[١٢٢]

ئەم چەمکە لە رووباری نێودەوڵەتی، لەسەر بنەمای واقعێکی هیدرۆلۆژی بنیاتنراوە، کە بەوپێیە، رووبار بریتییە لە تۆڕێکی پێکهاتوو لە توخمە هیدرۆلۆژییەکان کە ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت، چ لە سەرزەوی بێت یا لە ژێرزەوی. ئەم توخمانە، رووبار، دەریاچە، چینەکانی ئاوی ژێرزەوی، رووبەرە سەهۆڵییەکان، کۆگا و کەناڵەکانی ئاو دەگرێتەوە. هەروا ئەم زاراوەیە لەڕووی واتاوە دژایەتی لە گەڵ واتای حەوزی رێکردنی نێودەوڵەتی نیە.[١٢٣]

پاش ئەوەی لە باسی یەکەم، لە گەڵ رەوشی جوگرافی رێڕەوی ئاویی سیروان ئاشنا بووین و لە باسی دووەم پێناسەی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانمان خستەڕوو، لێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان پیادەی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین  ئایا سیروان رێڕەوێکی ئاویی نێودەوڵەتییە یا نا؟ بەندی (٢) لە رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لە ساڵی ١٩٩٧ زاراوەی رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی بەکارهێناوە، کە نوێترین پێناسەی کارپێکراوە لەم بوارەدا و بەمجۆرە پێناسەی دەکات: رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی پێکدێت لە تۆڕی ئاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکان، کە بە حوکمی پەیوەندیی سروشتییان لە گەڵ یەکتر، یەکەیەکی تەواو پێکدەهێنن و بە

---

(١٢٢) رضا بوكراع، المياه العربية والتحديات الأمنية: الأمن المائي العربي، ط ١، مركز الدراسات العربي ـ الأوروبي، بيروت، ٢٠٠٠، صص ١٢٨- ١٢٩. هەروەها د.أحمد عبدالله الماضي و د.ناهض محمد صالح، مشكلة اقتسام مياه نهر الفرات: دراسة في القانون الدولي، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، المجلد (٤)، السنة (٤)، العدد (١٢)، تكريت، ٢٠١٢، ص ٤٢. هەروا عبدالأمير عباس عبدالحيالي، نهر الفرات والأمن المائي العربي، اطروحة الدكتوراه المقدمة الى كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٩٥، ص ٢١٢.

(١٢٣) د.منصور العادلي، قانون المياه، ب ط، دارالنهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩، صص ٩- ١١. أركان حميد جديع، مبدأ الالتزام بعدم التسبب في ضرر لدول المجرى المائي الدولي، مجلة جامعة الأنبار للعلوم السياسية والقانونية، المجلد (١)، العدد الخامس، ٢٠١٢، الرمادي، ص ١٢١.

شێوەیەکی ئاسایی بەرەو خاڵێکی بەیەك گەیشتنی هاوبەش هەڵدەقوڵێن و بەشەکانی دەکەوێتە ناو دەوڵەتانی جیاوازەوە. بەم پێیە، ئەو تۆڕی ئاوە سەرزەوی و ژێرزەوییانە، کە ڕێڕەوی ئاویی سیروان تێراو دەکەن و لە ناو خاکی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێراندان، بە حوکمی پەیوەندیی سروشتیان لە گەڵ یەکتر، هەر هەموویان بەرەو خاڵێکی هاوبەش هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە ناو ڕێڕەوی سەرەکی ڕووباری سیروان، کە ئەویش دەکەوێتە ناو هەرێمی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق. هەربۆیە بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بە ڕێڕەوێکی ئاویی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێ و هەردوو دەوڵەتی ناوبراویش، بە دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی دادەنرێن و هەموو یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لەسەری دەچەسپێ.

## مەبەستی دووەم

## بنەماکانی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

پاش ئەوەی لە مەبەستی پێشوودا سەلماندمان سیروان ڕێڕەوێکی ئاویی نێودەوڵەتییە، لەم مەبەستەدا هەوڵ دەدەین بنەماکانی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بخەینەڕوو، کە لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا پەیڕەو دەکرێن و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروانیش پیادە دەکرێن. هەرچەندە ژمارەی ئەم بنەمایانە زۆرن، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە گرنگترینی ئەو بنەمایانە بکەین بەجۆرەی خوارەوە:

### یەکەم/ بنەمای ڕێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوو:

زاراوەی ڕێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوو، لە بواری یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای نێودەوڵەتی تایبەت و یاسای شارستانی و کارگێڕیی بەکار دێت.[١٢٤]

---

[١٢٤] د.زیاد خالد المفرجي، الحق المكتسب في القانون الاداري، مجلة الحقوق، جامعة المستنصرية، المجلد ٤، العدد ١٦-١٧، بغداد، ٢٠١٢، ص ١.

مەبەست لە ڕێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوو، مافێکی سروشتی یا مێژوویی یا دێرینە، کە بە پشکی پێشوو/ Prior Appropriation) ناو دەبرێ و بریتییە لەو پشکە ئاوە نەگۆڕە، کە سالانە لە لایەن یەکێك لەو دەولەتانەوە بەکاردێت، بەجۆرێك، کە هەر دەولەتێکی کەنار ڕووبار، مافێکی وەدستهاتووی هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕووبارە، جا چ بەپێی ڕێککەوتننامە بێت یا خود دەرەنجامی دانپێدانان بێت بە شێوەیەکی واقعی.[١٢٥] یاسازانانی یاسای نێودەولەتی، بەمجۆرە پێناسەی ڕێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوویان کردووە لە ڕووبارە نێودەولەتییەکان، کە بریتییە لەو بڕە ئاوەی سالانە وەردەگیرێت یا دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی لە بواری بەکارهێنانی بەکەلك، بە گوێرەی یاساکانی ئەو دەولەتەی، کە ئاوەکەی تێدایە بەکاربێت.[١٢٦] هەروا ئەم مافە، بریتییە لەبەکارهێنانی یەك لەدوای یەکی ئەم ڕووبارە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەبێ ئەوەی دەولەتانی دیکەی کەنار ڕووبار ناڕەزایی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕن.[١٢٧]

یەکێك لەو بابەتانە، کە دادوەریی و یاسازانیی نێودەولەتی (الفقه الدولي) لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە ئەو دەولەتانەی ڕووبارێکی نێودەولەتی بەناو هەرێمەکەیاندا تێپەڕ دەبێ، مافێکی بەرامبەریان هەیە بۆ کەلك وەرگرتن لە ئاوی ڕووبارەکە، هەروا پابەندبوونی هاوبەش هەیە، بۆ ڕێزگرتن لە مافە وەدەستهاتووەکان و مافی بەکارهێنانی مێژوویی ئەم ڕووبارانە و ئەنجامنەدانی هیچ کارێکی وا، کە زیان بە بەرژەوەندیی لایەنەکەیتر بگەیەنێت.[١٢٨] بەشێوەیەکی گشتی، ئەرك و مافی دەولەتان لە بواری ئاوە نێودەولەتییەکان، بەهۆی بارودۆخی مێژوویی و ڕەوشی ئابووری لە هەر حالەتێکدا دیاری دەکرێت. سوودوەرگرتنی جێگیربوو (الاستغلال القائم) لە بەرژەوەندیی دەولەتێك لە

[١٢٥] جعفر خزعل جاسم، قواعد استغلال الأنهار الدولية لغير الملاحة و مدى تطبيقها في العراق، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية القانون جامعة بغداد (غير منشور)، ١٩٩٣، ص ٤٣.

[١٢٦] عبدالأمير عباس عبدالحيالي، المصدر السابق، ص ٢١٥.

[١٢٧] د.وليد رضوان، مشكلة المياه بين سوريا و تركيا، الطبعة الاولى، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٧٩.

[١٢٨] د.حامد سلطان، المصدر السابق، صص ٣٩٦- ٣٩٧.

دەوڵەتانی کەنار رووبار، بە مافێکی وەدەستهاتوو بۆ ئەو دەوڵەتە لەقەڵەم دەدرێ، کە نابێ بە بێ رەزامەندیی ئەو دەوڵەتە دەستدرێژیی بکرێتەسەر.[١٢٩]

گەلێك لە بڕیارەکانی کۆمیتە ناوبژیکارییەکان و دادگا فیدرالییەکان، بەشێوەیەکی راشکاوانە دانیانناوە بە مافی وەدەستهاتووی دەوڵەتانی کەنار رووبار و بە پێوەرێکی گرنگیان داناوە، بۆ دیاریکردنی پشکی ئەو دەوڵەتانە لە ئاو. هەروا هەندێك لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کاروباری ئاو، بنەمای رێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوویان خستۆتە پێش مافەکانیتر، لەوانەش هەردوو کۆنگرەی مەدرید لە ساڵی ١٩١١ و سالزبورگ لە ساڵی ١٩٦١، کۆنگرەی کۆمەڵەی پارێزەرانی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٥٧ و کۆنگرەکانی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٦٦.[١٣٠] جگە لەمەش، لە یاسای ناوخۆیی گەلێك لە وڵاتانی جیهان، رێزگرتن لە مافی وەدەستهاتووی تاکەکان، بۆ بەکارهێنانی ئاو دانی پێدانراوە و پێویستە ئەم مافە لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیش رێزی لێبگیرێت.[١٣١]

ئەم بنەمایە، هەر لە دێرزەمانەوە لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەکارهێنانی ئاوی رووبارە سنوورییە هاوبەشەکان بەکارهاتووە و لە کاتی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات، پشت بەو مافانە بەستراوە، کە جووتیارانی هەردوولا هەر لە کۆنەوە لەسەری رۆیشتوون و پەیڕەویان کردووە. هەروا ئەم بنەمایە، لە پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣، کۆنووسی کۆمیتەکانی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤، رێککەوتننامەکانی ساڵی ١٩٣٧ و ئەلجەزایری ١٩٧٥ رەنگی داوەتەوە.[١٣٢] بنەمای رێزگرتن لە مافی وەدەستهاتوو، مافێکی مێژوویی و سروشتی عێراقە بۆ بەکارهێنانی ئاوی رێڕەوە

---

[١٢٩] ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، صص ٧٣- ٧٧.

[١٣٠] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، صص ٤٣-٤٤. هەروەها ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، ص ٧٥.

[١٣١] علي حسين صادق، حقوق العراق المكتسبة في مياه الفرات، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد (غير منشورة)، بغداد، ١٩٧٦، صص ١٣٢- ١٤٧.

[١٣٢] د.خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، المصدر السابق، ص ١٠٦.

ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە گەڵ ئێران و لەوانەش ڕێڕەوی سیروان، کە ئەمەش لە بەندی (٢/بڕگە ب) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە سنوورییەکان لە ٢٦/ ١٢/ ١٩٧٥ پەیوەست بە ڕێککەوتنی ئەلجەزایری ساڵی ١٩٧٥ ڕەنگی داوەتەوە. عێراق دەتوانێ بە پشت بەستن بەم بنەمایە، داوای پاراستنی مافەکانی خۆی بکات لە ڕووباری سیروان هەتا ڕێککەوتنێکی تایبەت دەربارەی ئەم ڕووبارە ئەنجام دەدرێ. ئەم مافەش، هەروەك باسمانکرد لە پێش مافەکانیترە و لە لایەن دادوەریی و یاسازانیی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانراوە. ئێران و عێراقیش بە ڕاشکاویی بۆ هەندێك لە ڕووبارەکانیان، وەك دویریج، ئەڵوەند، گەنگیر و کونجانچەم هەر لە کۆنەوە پەیڕەویان کردووە.

**دووەم/ بنەمای کەڵك وەرگرتن و بەشداریی دادگەرانە و گونجاو:**

بنەمای کەڵك وەرگرتن و بەشداریی دادگەرانە و گونجاوی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی دادەنرێ و لە کۆنگرەکانی تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتی هەوڵدراوە بخرێتە ناو چواچێوەی یاسا نووسراوەکانەوە، هەروەك چۆن لە ڕێساکانی هلسینکی ساڵی ١٩٦٦ داهاتووە. هەروا هەوڵدرا ئەو پێوەرانەی، کە لە نەریتی نێودەوڵەتیدا هەبووە، لە کاتی دابەشکردنی ئاوی ڕووبارەکان لەبەرچاو بگیرێت.[١٣٣] بنەمای بەکارهێنانی دادگەرانە، بنەمایەکی ڕەسەنە لە یاسای نێودەوڵەتی ڕێڕەوە ئاوییەکان و لە بەندی (٤) لە ڕێساکانی هلسینکی ساڵی ١٩٦٦ و هەروا لە بەندی (٥) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لەساڵی ١٩٩٧، ئاماژەی پێکراوە[١٣٤] و تێیدا هاتووە:

"١- دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی هەریەکەو لە هەرێمی خۆیاندا بە شێوەیەکی دادگەرانە و گونجاو کەڵك لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی وەردەگرن و بە تایبەت،

---

[١٣٣] عبدالعزيز شحادة منصور، المسألة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا، ط ١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٠، ص ١٤١. هەروەها د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ب ط، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٤٧٥.

[١٣٤] د.منصور العادلي، قانون المياه، المصدر السابق، ص ٢١.

ئەم دەوڵەتانە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی بەکار دەهێنن و گەشەی پێدەدەن بە مەبەستی کەڵك لێوەرگرتنی بە شێوەیەکی نموونەیی و بەردەوام و قازانج لێوەرگرتنی لە گەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی پەیوەندیداری ڕێڕەوی ئاویی، بە جۆرێك کە لە گەڵ دابینکردنی پاراستنی پێویست بۆ ڕێڕەوی ئاویی بگونجێ.

٢- دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاوی بەشداری دەکەن لەبەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی و گەشەپێدان و پاراستنی بە شێوازێکی دادگەرانە و گونجاو، ئەم بەشداریکردنە مافی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوی ئاویی و ئەرکی هاوکاریی لە پاراستن و گەشەپێدانی دەگرێتەوە بەوجۆرەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە."[١٣٥]

ئەم بنەمایە واتای ئەوەیە، کە هەر دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی مافی ئەوەی هەیە، کە لەناو هەرێمی خۆی لە بەش یا پشکێکی دادگەرانە و گونجاو لە ئاوی ڕێڕەو سوودمەند بێت و کەڵکی لێوەربگرێت، ئەم مافەش بەستراوەتەوە بەوەی، کە دادگەرانە و گونجاو بێت و زیان بە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی نەگەیەنێت.[١٣٦] لێرەدا شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی جۆراوجۆر بۆ دەستەواژەی " دادگەرانە و گونجاو " هەیە، بەجۆرێك، کە پشت بە ئاستی پێشکەوتوویی دەوڵەتی پەیوەندیدار، توانای ئابووریی، شێوازەکانی ئاودێریی و کشتوکاڵ، پەیوەندیی و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان و یاسا بەرکارەکان دەبەستێ.[١٣٧] بەدیهاتنی باشترین کەڵك وەرگرتن و قازانجەکانی، بە واتای بەدیهێنانی مەکزیمەمی بەکارهێنان (تحقیق الاستخدام الأقصى) یا بەکارهێنانی ئەوپەڕی

---

[١٣٥] اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية عام ١٩٩٧، المادة (٥).

[2]. Sharmila L.Murthy, Iraq's Constitutional Mandate to Justly Distribute Water: The Implications of Federalism, Islam, International Law and Human Rights, George Washington International Law Review, Vol.42, 2011, p.19.

[١٣٧] فؤاد قاسم الأمير، الموازنة المائية في العراق وازمة المياه في العالم، ب ط، دارالغد، بغداد، ٢٠١٠، ص ٢٧١.

چالاکانە لەڕووی تەکنۆلۆژییەوە یا بەکارهێنانی ئەوپەڕی نرخ لەڕووی دراوییەوە نیە، یا خود بەو واتایە نیە، کە ئەو دەوڵەتە بتوانێ لەڕووی ئابوورییەوە ڕێڕەوە ئاوییەکە بەوپەڕی تواناوە بەکاربهێنێ، بەڵکوو بریتییە لەوەی، کە ئەوپەڕی قازانجی شیاو (المنافع الممكنة) بۆ هەموو دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی وەدەست بێت. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە بەدیهاتنی مەکزیمەمی کەڵك وەرگرتن تا ئەو ئاستەیە، کە دژ بە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی یا خود پێویستییەکانی پاراستنی ڕێڕەوەکە نەبێت و بەم شێوەیە کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە بەدی دێت.[١٣٨] بەکورتی دەتوانین بڵێین، کە پیادەکردنی بنەمای کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاو واتای ئەوە نیە، کە پەنا ببرێتە بەر دابەشکردنی چەندایەتی (كمي) و ڕێژەیی (نسبي) لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی، بەڵکوو واتای بەکارهێنانی گونجاو و دادگەرانەیە، بە بێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندیی دەوڵەتە دراوسێکان بگەیەنێ، هەروا هەوڵەکان بخرێنەگەڕ، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی نموونەیی بۆ بەرژەوەندیی هەموو دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان بەکار بێت.[١٣٩]

بەپێی بەندی (٢/ بڕگە ج) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ئاوی رووبارە سنوورییەکانی ١٩٧٥، پشکی عێراق لە رووباری سیروان لەگەڵ ئێراندا بە نیوەیی دەبێت، بەڵام ئەمە لە گەڵ بنەمای کەڵك وەرگرتن و بەشداریی دادگەرانە و گونجاو یەکناگرێتەوە، چونکە پانتایی حەوزی رووبارەکە لە عێراق زیاترە، لە کۆی (٣١٨٩٦ کم٢) پانتایی حەوزی سیروان، تەنها (٧٨٢٤ کم٢) دەکەوێتە ناو خاکی ئێران، کە بەشی هەرە زۆریشی ناوچەی شاخاوییە، بەڵام (٢٤٠٧٢ کم٢)

---

(١٣٨) د. منصور العادلي، قانون المياه، المصدر السابق، صص ٢٠- ٢١.

(١٣٩) د.محمد عزيز شكري و د. ماهر ملندي، النظام القانوني لاستخدام مياه نهر الفرات (نظرياً و عملياً): قانون الانهار الدولية الجديد و المصالح العربية، ب ط، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٢٠١. هەروەها د.محمد المجذوب، القانون الدولي العام، ط ٥، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٤، ص ٣٤٧.

**لە ناو خاکی عێراقدایە، کە بەشی هەرەزۆری دەشتە و بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت و زەویوزارێکی زیاتر لەم وڵاتە پشت بە ئاوی ئەم رووبارە دەبەستێ و سەرچاوەی جێگرەوەی دیکەی نیە. هەربۆیە، عێراق دەتوانێ داوای جێبەجێ کردنی ئەم بنەمایە بکات بۆ چەسپاندن و پاراستنی زیاترین مافەکانی خۆی لە رێڕەوی ئاویی سیروان.**

## سێیەم/ بنەمای پابەندبون بەنەبونە هۆکاری گەیاندنی زیانی بایەخدار:

**ئەم بنەمایە، هەر لە کاتی دەرچوونی بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی داد لە ساڵی ١٩٤١ لە کێشەی گەرووی کورفو[١٤٠] تاکوو ئەمڕۆ، وەك رێسایەکی نەریتیی لێهاتووە، هەر بۆیە پێویستە هەموو دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی، رەچاوی ئەم بنەمایەی یاسای نێودەوڵەتی بکەن و زیان بە دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو نەگەیەنن.[١٤١] هەروا ئەم بنەمایە لە بەندی (٧)ی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ جەختی لە سەر کراوەتەوە و باس لەوە دەکات، کە دەبێ دەوڵەتان لە کاتی بەکارهێنانی رێڕەوی ئاویی، خۆیان بەدوور بگرن لە زیان گەیاندن بە دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو.[١٤٢] بەڵام لە کاتی روودانی زیانێکی لەو جۆرە، ئەوا جیاوازیی لە نێوان دوو حاڵەتدا دەکات، لە حاڵەتی یەکەم، ئەگەر بێت و رێککەوتن لە نێوان**

---

(١٤٠) ئەم کێشەیە لە نێوان بریتانیا و ئەلبانیا روویدا بە هۆی تەقینەوەی مین لە گەرووی کورفو لە ساڵی ١٩٤٦، لە کاتی تێپەڕبوونی ژمارەیەك کەشتی جەنگی بریتانی، کە زیانێکی زۆری بەدواوە بوو و هەموو کیەشتیوانەکانی کوژران. لە ئەنجامدا، بریتانیا کێشەکەی بردە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی داد و دادگاش لە بڕیارەکەی خۆی لە ساڵی ٢٥/ئازار/١٩٤٨ ئەلبانیای بە بەرپرسیار دانا، چونکە تەقینەوەکە لە سنووری ئاوە هەرێمییەکانی ئەودا روویدابوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ: الامم المتحده، موجز الاحكام والفتاوي والاوامر الصادرة عن المحكمة العدل الدولية، ١٩٤٨-١٩٩١، منشورات الامم المتحدة، الولايات المتحدة الامريكية، ١٩٩٢، صص ٣-٤.

(١٤١) رعد سعدون محمود علي، الحماية الدولية للمياه الجوفية العابـرة للحدود الدولية، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون جامعة بغداد (غير منشور)، ٢٠٠٦، ص ٥٢. هەروەها د.محمد عزيز شكري و د. ماهر ملندي، المصدر السابق، صص ٢٠١- ٢٠٢.

(١٤٢) د.غسان الجندي، الوضع القانونية للمجاري المائية الدولية، ط ١، عمان، ٢٠٠١، ص ٥٦.

دەوڵەتی زیان گەیەنەر و دەوڵەتانیتردا هەبێ، ئەوا بە پێی ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتنی تایبەت بەم بوارە، ئەوا دەوڵەتی زیان گەیەنەر (الدولة المتسببة)، لەسەریەتی بەپێی بەندی (٧/ب٢) هەموو ڕێکارێکی پێویست و راوێژ لەگەڵ دەوڵەتی پەیوەندیدار بگرێتەبەر، بە مەبەستی نەهێشتن یا سووککردنەوەی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی لە کاتی پێویست، بە ڕەچاوکردنی بەندەکانی (٥) و (٦) لە ڕێککەوتننامەکە.[١٤٣] ئەوەی کە لە بەندی (٧)ی ڕێککەوتننامەی ١٩٩٧[١٤٤] دەربارەی زیان نەگەیاندن بە بەرژەوندیی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاوییدا هاتووە، لە راستیدا، جێبەجێ کردنی هەمان بنەمای کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاوە، کە لە بەندی (٥)دا باسی لێوە کراوە، واتە جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی بەندی (٧) کە زیان نەگەیاندنە بە دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەو، دەرەنجامەکەی هەمان بنەمای کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاوە کە لە بەندی (٥)دا هاتووە.[١٤٥]

لە راستیدا، ئەم بەندە دەیەوێت جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنانی دادگەرانە و گونجاو و زیان نەگەیاندندا دروست بکات، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتانی سەرچاوە، ئەو مافە بە خۆیان دەدەن، کە سوود لە بنەمای کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاو وەربگرن، کە لە بەندی (٥)دا هاتووە، لەبەر ئەوەی نەرمی تێدایە بۆ کەڵك وەرگرتن لە شێوازەکانی نوێی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکان، لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی ڕێژگەش، بنەمای بەکارهێنانی زیان نەگەیەنەریان بەلاوە گرنگترە وەك لە بەندی (٧)دا هاتووە.[١٤٦]

---

[١٤٣] يوسف ابراهيم الجهماني، ثرثرة فوق المياه : تركيا ـ سوريا ـ العراق، ط ١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٩٩، ص ١٠١. هەروەها د.سعيد سالم جويلي، المصدر السابق، ص ٤١.

[١٤٤] لەبەر دوور ودرێژیی ناوی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی لەساڵی ١٩٩٧ لەمەوبەدوا زیاتر بە ناوی ڕێککەوتننامەی ١٩٩٧ ئاماژەی پێدەکەین.

[١٤٥] د.سيد فضل الله موسوى، حقوق رودخانەهاى بين المللى با تأكيد بر حوزەهاى اردن و ليطانى و مديريت و برنامە ريزى آنها، چاپ اول، نشر دادگستر، تهران، ١٣٨٩(٢٠١٠ ز)، ص ١٧٣.

[١٤٦] د.منصور العادلي، قانون المياه، المصدر السابق، صص ٢٩- ٣٠.

یەکێکیتر لەو دیاردانە، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن، دیاردەی پیسبوونە، کە بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازیی هاتۆتەئاراوە و رووبارە نێودەوڵەتییەکانیش لەم دیاردەیە بەدەر نین، بە جۆرێك، کە کارگەکان پاشەڕۆی کیمیایی و مرۆیی خۆیان دەڕژێننە ناو ئەم رووبارانە و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر هاوسەنگی ژینگەیی. بەهۆی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە سەدەی بیستەم، دەوڵەتان پەنایان بردە بەر رێککەوتنی دوولایەنە و گشتگیر بۆ پاراستنی رووبارەکان لە پیسبوونی ژینگەیی.[١٤٧] رێککەوتننامەی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ساڵی ١٩٩٧ لە بەندی (٢١)، باس لە قەدەغە کردنی پیسبوون و کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەکات و بەمجۆرە پێناسەی پیسبوونی رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی دەکات: "هەر گۆڕانێکی زیانبەخش لە پێکهاتەی ئاوی رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی یا لە جۆرەکەی کە بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەهۆی هەڵسوکەوتی مرۆییەوە دروست دەبێ." [١٤٨]

هەروا بەرپرسیارێتی دیاریکردنی ئەو زیانە بایەخدارە، بابەتێکی خەملاوە (تقديري) و رێککەوتننامە ئەمەی بەجێ هێشتووە بۆ ئەو بنەما گشتییانە، کە لەم بوارەدا کاریان پێدەکرێت. سەلماندنی زیان لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی زیانمەند، کە بە پلەی یەکەم بیسەلمێنێ لە ئەنجامی کرداری (فعل) دەوڵەتێکیتر زیانی لێکەوتووە و پەیوەندیی هۆکاریی (العلاقة السببية) هەیە لە نێوان کرداری ئەو دەوڵەتە و ئەو زیانەی کە هاتۆتەدی (الضرر)، هەروا بە پلەی دووەم بیسەلمێنێ، کە ئەم زیانە، زیانێکی بایەخدارە، کە زیان بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەو دەوڵەتە دەگەیەنێ.[١٤٩]

بە گوێرەی ئەم بنەمایە، ئێران نابێ کردارێکی وا لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان

---

[١٤٧] د.مصطفى عبدالله أبوالقاسم خشيم، القانون الدولي: الإقليم والأفاق الجديدة، ط ١، المكتب الوطني للبحث والتطوير، بنغازي، ٢٠٠٣، ص٧٠.

[١٤٨] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الأغراض غير الملاحية عام ١٩٩٧، المادة (٢١)..

[١٤٩] علي غالب عبدالخالق، قراءة تحليلية في اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، مجلة عطاءالرافدين، وزارة الموارد المائية العراقية، العدد ٤٨، بغداد، كانون الثاني ٢٠١١، ص ١٩.

ئەنجام بدات، کە ببێتە هۆی زیان گەیاندنی بایەخدار بە عێراق و لە کاتی روودانی ئەم زیانە، ئەوا لەسەریەتی هەنگاوی پێویست هەڵبگرێ بۆ نەهێشتنی ئەم زیانە، سووککردن یا خود قەرەبووکردنەوەی بە راوێژکردن لە گەڵ عێراق. ئەم بنەمایە، لە بەندی (٥)ی رێککەوتنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥، کە لەسەر رووبار سیروانیش جێبەجێ دەکرێ، جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بە شێوەی کردەیی لە لایەن ئێرانەوە پشتگوێ خراوە، هەروا عێراقیش وەك پێویست بەدواداچوونی نەکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە.

## چوارەم/ بنەمای پابەندبوون بە هاوکاریی و ئاڵوگۆڕی دەرخستەو زانیارییەکان بەڕێکوپێکی:

بەندی (٨) لە رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ باس لە بنەمای هاوکاریی دەکات لە نێوان دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی، لەسەر بنەمای یەکسانی لە سەروەریی، یەکپارچەیی هەرێمیی، قازانجی ئاڵوگۆڕکراو، نیازپاکی بۆ کەڵك وەرگرتنی نموونەیی لە رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی. بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم پابەندییە، بەندی (٩) لە هەمان رێککەوتننامە باس لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دەکات بەشێوازێکی رێکوپێك.[١٥٠] ئەگەر بێت و چەند دەوڵەتێك لە رێڕەوێکی ئاوییدا هاوبەش بن، ئەوا هەڵسوکەوتی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەمایە رۆیشتووە، کە پێویستە هاوکاریی و گفتوگۆ و راوێژ لە نێوانیاندا هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانن قازانج لەو رێڕەوە وەربگرن، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموو دەوڵەتانی رێڕەودایە.[١٥١] بێگومان، پابەندبوون و رێزگرتن لەم بنەمایە، دەرگا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ئەو گیروگرفتانە دەکاتەوە، کە لە داهاتوودا روودەدەن، بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر توندوتیژیی و ململانێ لەپێناوی

---

[١٥٠] د.صلاح الدين عبدالبديع شبلي، المصدر السابق، ص ٢٥. هەروەها د.غسان الجندي، الوضع القانوني للمجاري المائية الدولية، المصدر السابق، ص ١١٩.

[١٥١] د.محمد عزيز شكري و د. ماهر ملندي، المصدر السابق، ص ٢٠٣.

بەرژەوندییە تەسکە هەرێمییەکان.[152] هەروەها بەپێی بەندی (11) لە هەمان ڕێککەوتننامە، دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی لەسەریانە، زانیاریی ئاڵوگۆڕ بکەن و راوێژ و گفتوگۆ ئەنجام بدەن، دەربارەی ئەو پرۆژە نوێیانەی، کە یەکێك لە دەوڵەتانی ڕێڕەو دەیەوێت ئەنجامی بدات. ئەم ئەرکەش درێژکراوەی هەمان ئەرکی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە، کە لە بەندی (9) باسی لێوەکراوە. بە گوێرەی بەندی (12)، هەر یەك لە دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی، کە پرۆژەیەك ئەنجام دەدەن و کاریگەریی زیانبەخشی بۆ دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەو هەیە، ئەوا دەبێ لە کاتی لەبار ئەو دەوڵەتانە ئاگادار بکەنەوە زانیاریی و داتا تەکنیکییەکان هاوپێچ بکەن.[153]

بنەمای کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە و گونجاو نایەتە دی، ئەگەر هاوکاری لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاوییدا نەبێت، چونکە پابەندبوون بە هاوکاریی، دەبێتە هۆی گەیشتن بە ڕێگاچارەی دادگەرانە و خێرا بۆ ئەو گرفتانەی، کە دێنە سەرڕێ لە کاتی بەکارهێنانی رووبار بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی. پێویستە ئەو خاڵەمان لەبەرچاو بێ، کە پابەندبوون بە هاوکاریی، لێرەدا پابەندبوونە بە هەوڵدان لە سنووری توانا (التزام ببذل عناية)، نەك پابەندبوون بە بەدیهێنانی ئەنجام (التزام بتحقيق نتيجة)، ئەمەش پابەندبوونێکی یاساییە، کە دادوەریی نێودەوڵەتی، کاری نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە.[154] گرنگی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، کە لە بەندی (9) باسی لێوە کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جێبەجێ کردنی بەندەکانی (5 و6 و 7) لە ڕێککەوتننامەکە، پێویستی بە ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی و ڕێکوپێکی زانیارییەکانە، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی، دەتوانن لە چالاکییەکانی دەوڵەتانی هاوبەش لەو ڕێڕەوە دڵنیا و ئاگادار ببنەوە.[155]

---

[152] رعد سعدون محمود، المصدر السابق، ص ٥٦.

[153] د.غسان الجندي، الوضع القانوني للمجاري المائية الدولية، المصدر السابق، صص ١٢٩- ١٣٠.

[154] د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ٤٧١. هەروەها د.سعيد سالم جويلي، المصدر السابق، ص ٤٢.

[155] د. منصور العادلي، قانون المياه، ص ٣٣. هەروەها د.غسان الجندي، الوضع القانوني للمجاري المائية الدولية، ص ١٢٤.

پاش پراکتیزەکردنی ئەم بنەمایە لەسەر ڕێڕەوی سیروان، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئێران هەتا ئێستا هاوکاریی لە خۆی پیشان نەداوە، بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی عێراق لەم ڕێڕەوەدا. هەروا زانیاریی بە عێراق پێشکەش نەکردووە دەربارەی ئەو پرۆژانەی، کە لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان جێبەجێی کردووە یا خود لە قۆناغی توێژینەوە و جێبەجێکردندان، ئەمەش بە تەواویی پێچەوانەی ئەم پرەنسیپەیە، کە لە ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان چەسپاوە و کاری پێدەکرێت. هەروەها پێچەوانەی بەندی (٣) لە ڕێککەوتنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٥، کە ئێران پابەند دەکات بە دروستکردنی کۆمیتەیەکی تەکنیکی هەمیشەیی هاوبەش، بۆ توێژینەوە لە کاروباری تەکنیکی رووبارە هاوبەش و یەك لە دوای یەکەکان و دروستکردنی پرۆژە و دامودەزگاکان.

## پێنجەم/ بنەمای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە ئەویتر دەگات (مبدأ التعويض عن الأضرار التي تصيب الغير):

ئەمە یەکێکە لەو بنەما هاوبەشانەی، کە لە یاسای ناوخۆیی پەیڕەو دەکرێ بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسانی زیانمەند، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم بنەمایە لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکانیش پشتی پێ دەبەسترێ. بەجۆرێك، کە هەر دەوڵەتێك پابەندە بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە، کە بە دەوڵەتێکی دیکەی دەگەیەنێ، چ بە گێڕانەوەی بارودۆخەکە بێت بۆ پێش حاڵەتی زیان لێکەوتن، ئەگەر مومکین بێت، چ بە پێدانی قەرەبووی دارایی لەو حاڵەتانەی، کە گێڕانەوەکە مومکین نەبێت. ئەم بنەمایە، لە بەندی (٧ /ب٢)ی ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ١٩٩٧، بڕیارەکانی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٧٢، بڕیارەکانی ژمارەیەك لە دادگا نێودەوڵەتییەکان، وەك دادگای ناوبژیکاریی نێوان ئەمەریکا و رووسیا لە ساڵی ١٩٠٢، دادگای نێودەوڵەتی داد لە ساڵی ١٩٤٨ لە کێشەی

گەرووی کورفو و... هتد پەیڕەو کراوە.[156] هەروا ئەم بنەمایە، گرێدراوە بە بنەمایەکی دیکە، کە ئەویش ئەرکی ئاگادارکردنەوەیە، لە کاتی ئەنجامدانی هەر دامەزراوە یا پرۆژەیەکی ئایندەیی، کە زیان بە دەوڵەتانی دیکەی کەنار رووبار دەگەیەنێت.[157]

لە کاتی پیادەکردنی ئەم بنەمایە لەسەر رووباری سیروان دەبینین، کە ئێران بەبێ ئاگادارکردنەوە و وەرگرتنی رەزامەندیی پێشوەختی عێراق، کۆمەڵێك دامەزراوە و پرۆژەی لەسەر ئەم رووبارە جێبەجێکردووە و زیانی بەم وڵاتە گەیاندووە، کە ئاسەواری خراپی ئابووریی و ژینگەیی لێکەوتۆتەوە. هەربۆیە، عێراق دەتوانێ بە وردیی ئەو زیانانە و هۆکارەکانی دیاریی بکات، کە لە ئەنجامی کردارەکانی ئێران لێی کەوتووە و داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بکات. شیاوی باسە ئەم بنەمایە، یەکێکە لە بنەما گشتییەکانی یاسا، کە بەپێی بەندی (٣٨) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، بە یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دادەنرێ، کە نەتەوە شارستانییەکان دانیان پێداناوە. هەربۆیە، لە حاڵەتی نەبوونی رێککەوتننامەیەکی تایبەت یا لایەن نەبوونی ئێران لەو رێککەوتننامەیە، ئەوا عێراق مافی هەیە داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات، کە لە رێڕەوی ئاویی سیروان لە لایەن ئێرانەوە لێیدەکەوێ.

### شەشەم/ بنەمای زێدەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی ماف (مبدأ عدم جواز التعسف في استعمال الحق):

ئەم بنەمایە، لەسەر پێوەرێکی ئاکاریی بنیاتنراوە، کە ئەویش پشت بە هزری دادپەروەریی دەبەستێ و مەبەست ئەوەیە، کە نابێ مافە یاساییەکان بە شێوەیەکی وا بەکار بهێنرێن، کە زیان بە ئەوانیتر بگەیەنێت. هەربۆیە نابێ دەوڵەتان، ئەو دەسەڵاتانەی، کە بەپێی یاسا پێیاندراوە، بەجۆرێکی وا بەکاری

---

[156] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، صص ٤٧-٤٨.

[157] د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٢٥٠.

بهێنن، کە زیان بە دەوڵەتانی دیکە بگەیەنن[١٥٨] یا خود هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستێکی تر بدەن، جگە لەو مەبەستەی، کە مافەکە لە پێناویدا چەسپاوە.[١٥٩] یاسای نێودەوڵەتی، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی دیاریکردووە، کە رووبار موڵکی کۆمەڵگای مرۆییە، لەو دەوڵەتانەی، کە سەرچاوەی لێ دەگرێ و پێیدا تێدەپەڕێ و تێیدەڕژێ. بەجۆرێك، کە زاڵبوون بەسەریدا نابێتە هۆی ئەوەی، کە کۆمەڵگاکانی دیکە لە بەکارهێنانی بێبەش بکرێن. واتە، دەبێ ئاوی رووبار بەشێوەیەکی باش و گونجاو بەکاربێت لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی، کە لێی سوودمەندن، بەجۆرێك، کە زیان بە دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی نەگەیەنن و ئەم سەرچاوە گرنگە بە فیڕۆ نەدەن.[١٦٠]

ئەم بنەمایە، لە گەلێك لە بڕیاری دادگا نێودەوڵەتی و ناوبژیکارییەکان ئاماژەی پێکراوە، لەوانەش بڕیاری دادگای ناوبژیکاری، لە ساڵی ١٨٩٢ لە نێوان ئەمریکا و بریتانیا لە کێشەی راوکردن لە دەریای بهرینگ (Behring)، بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی داد، لە ئایاری ١٩٢٦ لەسەر بەرژەوندییەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەی سیلیزیای سەروو لە پۆڵەندا، بڕیاری هەمان دادگا، دەربارەی کێشەی ناوچەی ئازادی فەرەنسی- سویسری لە ساڵی ١٩٣٢. بەسەرنجدان بەم بڕیارانە، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم دادگایانە بنەمای زێدەڕۆیی نەکردن لەبەکارهێنانی مافیان پەیڕەو کردووە.[١٦١] بەم شێوەیە دەردەکەوێ، کە دەوڵەتان لە کاتی بەکارهێنانی مافی سەروەریی رەوای خۆیاندا، دەبێ لە چوارچێوەیەکی روون و سنووردراردا بجووڵێنەوە و ئەو سنوورە نەبەزێنن، چونکە ئەمە بە دەستدرێژیی بۆ سەر مافی دەوڵەتانی دیکە لە قەڵەم دەدرێ. هەر بۆیە، دەوڵەتی

---

[١٥٨] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٤.

[١٥٩] د.عبدالملك يونس محمد، مسؤولية المنظمات الدولية عن أعمالها والقضاء المختص بمنازعاتها، ب ط، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٥، ص ٩١.

[١٦٠] د.عبدالمالك خلف التميمي، المياه العربية التحدي و الاستجابة، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨، صص ٤٥- ٤٦.

[١٦١] د.عزالدين علي الخيرو، الفرات في ظل القواعد القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٦٣٥- ٦٣٨.

ڕێڕەوی ئاوی لە کاتی بەکارهێنانی مافی سوودوەرگرتن لەو بەشەی ڕێڕەوی ئاویی، کە ملکەچە بۆ سەروەریی ئەو، نابێ بە بێ بوونی هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە یا پاڵنەرێکی ڕەوا، تەنها بە مەبەستی زیانگەیاندن بە دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەو، ئاوی ئەم ڕێڕەوانە بەکاربهێنێ، چونکە ئەم ڕەفتارە بە زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماف لە قەڵەم دەدرێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.[١٦٢]

سەبارەت بە پیادەکردنی ئەم بنەمایە لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، ئێران وەك دەوڵەتی سەرچاوە لە ڕێڕەوی سیروان، بە حوکمی پێگەی جوگرافی خۆی، باڵادەستی هەیە بەسەر ئاوی ڕێڕەوەکەدا. ئەم تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە بتوانێ بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە ئاوی ڕێڕەوەکە بەکاربهێنێ و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی عێراق، پرۆژە و دامەزراوەکانی لەسەر ئەم ڕێڕەوە جێبەجێ بکات. ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی سیروان لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە (کماً و کیفاً)، کە کاریگەریی نەرێنی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لەسەر عێراق بەجێهێشتووە. هەروەها ئەم زێدەڕۆییانە، زیانی بە مافەکانی عێراق گەیاندووە، وەك دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی، کە ئەمەش بەپێی ئەو بنەمایەی، کە باسمانکرد، ڕێپێدراو نیە و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئێران. هەروەك پێشتر باسمانکرد، ئەم بنەمایە، یەکێکە لە بنەما گشتییەکانی یاسا، کە بەپێی بەندی (٣٨) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، بە یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دادەنرێ. هەربۆیە، لە حاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت یا لایەن نەبوونی ئێران لەو ڕێککەوتننامەیە، ئەوا عێراق مافی هەیە، هەوڵ بدات بۆ ڕاگرتنی بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی مافەکانی ئێران لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان و لە کاتی بەردەوامبوونی ئێران لە زێدەڕۆییەکانی، ئەوا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو وڵاتە.

---

[١٦٢] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٥.

**حەوتەم/ بنەمای دراوسێتی باش ( مبدأ حسن الجوار ):**

ئەم بنەمایە، تەنها ڕێسایەکی ئاکاریی یا ڕەفتارێکی خوازراوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە سروشتییەکان نیە، بەڵکوو بە یەکێك لە بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ، کە لەسەر بنەمای هزری پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هاوکاریی هاوبەش دامەزراوە. هەروەك لە دیباجەی چارتی (UN) و بەندی (٧٤)ی ئەم جارنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، ئامانجی ئەم بنەمایە ئەوەیە، کە هەر دەوڵەتێك ڕێز لە مافی دەوڵەتانی دراوسێ و سەروەرییان بگرێت بەجۆرێك، کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و پەیوەندیی دۆستانە لە نێوانیاندا بە هێزتر بکات.[١٦٣] بەکارهێنانی زاراوەی "دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی" لە بری "دەوڵەتە دراوسێ یا هاوکەنارەکان"، بووەتە هۆی فراوانبوونی چەمکی دراوسێتی باش، چونکە لەم حاڵەتەدا دراوسێتی تەنها هاوسنووربوونی ڕاستەوخۆی خاك نیە، بەڵکوو ئەو دەوڵەتانەش دەگرێتەوە، کە لە یەك ڕێڕەوی ئاوییدا هاوبەشن، بەڵام خاکیان هاوسنوور نیە. هەربۆیە، دراوسێتی باش لەم حاڵەتەدا بریتییە لە، ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکان لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی دراوسێ یا هاوکەنار، دابینکردنی پشکی ئاو بۆ هەریەکەیان و دوورکەوتنەوە لە زیان گەیاندن بە یەکتر بە هۆی پیسکردنی ئاوی ڕووبارەکە و...هتد.[١٦٤]

ئەم بنەمایە، لە ژمارەیەك لە بڕیارەکانی دادگا نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بۆکراوە، وەك بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی داد لە ساڵی ١٩٢٩ دەربارەی کۆمیتەی نێودەوڵەتی ڕووباری ئەدور. بەپێی ئەم بنەمایە، هەر دەوڵەتێك مافی هەیە ئەو بەشە لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی بەکاربهێنێ، کە دەکەوێتە ژێر سەروەریی ئەو، بەومەرجەی مافی دەوڵەتە دراوسێیەکەی لەم ڕێڕەوەدا پێشێل نەکات،[١٦٥] واتە مافی ئەوەی هەیە لەڕووی مادییەوە هەمان بڕ لە ئاو، بە هەمان بارودۆخ وەربگرێ، کە لە سروشتدا هەیە و دەتوانێ

---

[١٦٣] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٥. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٢٥٢.

[١٦٤] د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ٢٥١- ٢٥٢.

[١٦٥] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٦.

بەرهەڵستی هەر هەمواركردنێكی بارودۆخی جێگیر(Status Quo) بكات.[١٦٦]
عێراق هەوڵی بەردەوامی داوە، كە ئەم بنەمایە لە ڕێككەوتنە دووقۆڵییەكانی خۆی لە گەڵ ئێران و توركیادا بچەسپێنێ، بە تایبەت لە بواری كێشە سنوورییەكان و لەوانەش بەكارهێنانی ئاوی ناوچە سنوورییەكان و پێشێل نەكردنی ناوەڕۆكی ڕێككەوتننامەكان.[١٦٧]

ئەم بنەمایە، لە پێشەكی ڕێككەوتننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە نێوان عێراق و ئێران لە ١٩٧٥، ڕێككەوتنی عێراق و ئێران دەربارەی سوودوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەكان ساڵی ١٩٧٥ جەختی لەسەر كراوەتەوە. هەر بۆیە، دەكرێ ئەمە وەك بنەمایەك وەربگرین، بۆ چارەسەركردنی ناكۆكی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان، لەوانەش ڕێڕەوی ئاویی سیروان و دیاریكردنی پشكی هەردوولا لە ئاوی ئەم ڕێڕەوە، دووركەوتنەوە لە زیان گەیاندن بە یەكتر و نەگۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەكە لە لایەن ئێرانەوە. بەندی (٤)ی ئەم ڕێككەوتنە ئاماژە بەوە دەكات، كە هەر سێ پرۆتۆكۆل و هاوپێچەكانیان بەشێكن لە ڕێككەوتنێكی گشتی، كە دەكرێ وەك یەك پاكێج سەیر بكرێن، واتا ناكرێ بە شێوەی دەستەبژێر هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێ.

### هەشتەم/ بنەمای نیازپاكی (مبدأ حسن النية):

نیازپاكی یەكێكە لەو بنەمایانەی، كە لە چوارچێوەی یاسای ناوخۆییدا باو بووە و دەوڵەتان دانیان پێداناوە و پاشان چووەتە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە، كە لە بەندی (٢/ ب ٢) لە چارتی (UN)[١٦٨] و هەردوو بەندی (٢٦ و ٢٧) لە ڕێككەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیمانەكان لە ساڵی ١٩٦٩ و بڕیاری دادگا

---

[١٦٦] ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، ص ٦٣.

[١٦٧] د.پشتيوان علي عبدالقادر و د.عبدالغفور كريم علي، القانون الدولي العام : بحوث علمية مختارة، ط ١، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٨، صص ١٨٧- ١٨٨.

[١٦٨] بەندی دووەم/ بڕگەی ٢ لە چارتی نەتەوە یەكگرتووەكاندا دەربارەی پرەنسیپی نیازپاكی دەڵێ : "بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان دەستەبەری ماف و سوودەكانی ئەندامێتی بكەن، بە نیازپاكییەوە پابەندبوونەكانی سەرشانیان بەپێی ئەم جارنامەیە جێبەجێ دەكەن."

نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی پێکراوە.[169] پێویستیی چەسپاندنی ئەم بنەمایە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، زیاتر لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان هەستی پێدەکرێ، چونکە دەوڵەتان بۆ پیادەکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، پتر پێویستیان بەرەچاوکردنی بنەمای نیازپاکییە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ هەموو لایەك بەدی بێت و مافەکانیان بە شێوەی خراپ بەکار نەهێنن.[170] ئەم بنەمایە، لەسەر بناغەی متمانەی هاوبەش و پاراستنی متمانەی پێویست لە نێوان دەوڵەتاندا بنیاتنراوە. بەجۆرێك، کە هەر دەوڵەتێك لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دەرەکییەکانی خۆیدا ڕەچاوی ئەم بنەمایە دەکات، بە تایبەت لە ڕاڤەکردن (تفسیر) و جێبەجێکردنی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتییانەی کە لەسەر شانیەتی.[171]

بەپێی ئەم بنەمایە، پێویستە دەوڵەتانی سەروو ڕووبار، ڕەچاوی بەرژەوندیی و قازانجە جۆراوجۆرەکان بکەن و هەروەك بەرژوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، گرنگی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاوییش بدەن. لە ئەنجامی گەشەکردنی ئەو ماف و ئەرکانەی، کە دەوڵەتان لەسەریانە بۆ ڕێزگرتن لە سەروەریی هەرێمی، چەمکی نیازپاکیش بەشێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد.[172] لە بڕیاری ناوبژیکاریی نێوان فەرەنسا و ئیسپانیا لەساڵی ١٩٥٨ دەربارەی دەریاچەی (لانۆ)، ناوبژیوانان پشتیان بە (ڕێساکانی نیازپاکی) بەست، کە بەوپێیە هەموو لایەنەکانی هاوبەش لە حەوزی ڕووبار، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوندییەکانی خۆیان، لەسەریانە ڕەچاوی بەرژەوندییەکانی ئەوانیتریش بکەن و

---

[169] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٦. هەروەها د.عزالدين علي الخيرو، الفرات والقانون الدولي العام، صص ٢٦٧- ٢٦٨.

[170] د.پشتیوان علي عبدالقادر و د. عبدالغفور كريم علي، المصدر السابق، ص ٣٤.

[171] فيروز احمد نمر مهيار، المصدر السابق، ص ٥١. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٦.

[172] د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٢٥١.

دوور بکەونەوە لە زیان گەیاندن بە لایەنە هاوبەشەکانی دیکەی حەوز.[(١٧٣)] بەپێی بڕیاری ناوبژیکاریی، فەرەنسا مافی ئەوەی هەیە، سەرچاوەکانی ئاوی ئەم دەریاچەیە لە ناو هەرێمی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنێ، بەڵام دەبێ بنەمای نیازپاکی ڕەچاو بکات بەجۆرێك، کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دراوسێ بپارێزێ.[(١٧٤)]

هەتا ئێستا گەلێك لە کێشە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئاو، لەڕێگای پرەنسیپی نیازپاکی لایەنەکانەوە چارەسەرکراون، بەڵام هەندێکیشیان بە چارەسەرنەکراویی ماونەتەوە. هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم، بۆ روون نەبوونی نیاز و مەبەستی لایەنەکان دەگەڕێتەوە، بە پلەی دووەم، بۆ نەبوونی ڕێساگەلێکی نێودەوڵەتی گشتگیر دەگەڕێتەوە، کە شیاو بن بۆ ئەوەی لەسەر هەموو کێشەکانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان پیادەبکرێن، بە پلەی سێیەمیش ئەوەیە، کە بەجێهێنانی داواکارییە جۆراوجۆرەکانی هەموو دەوڵەتانی پەیوەندیدار لەسەر بنەمای دادپەروەریی شتێکی دژوارە.[(١٧٥)]

لەبەرچاوگرتنی بنەمای نیازپاکی، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاوییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لەوانەش ڕێڕەوی ئاویی سیروان، پێویستییەکی بەپەلە و هەنووکەییە. لە بری ئەوەی رووبارە هاوبەشەکان بکرێنە سەرچاوەیەك بۆ قووڵکردنەوەی کێشەکان، دەکرێ بەپشت بەستن بەم بنەمایە، بکرێنە ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی بنچینەیی کێشەکان و بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانەی هەردوولا و بەدیهێنانی بەختەوەریی و خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ گەلانی هەردوو وڵات. بە سەرنجدان بەو بنەمایانەی سەرەوە، ئەوا عێراق دەتوانێ وەك دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بۆ مسۆگەر کردن و پاراستنی مافەکانی لەم ڕێڕەوە، پشت بەم بنەمایانە ببەستێ و لە گفتوگۆکانی لە گەڵ ئێران جەختیان لەسەر بکاتەوە.

---

(١٧٣) جون ووتربيري، المياه العابرة للحدود و معوقات التعاون الدولي في الشرق الأوشط: المياه في العالم العربي آفاق و احتمالات المستقبل، تحرير: بيتر روجرز و بيتر ليدون، ط ١، مركز الإمارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، أبوظبی، ١٩٩٧، ص ٩٤.

(١٧٤) د.پشتیوان علي عبدالقادر و د. عبدالغفور كريم علي، المصدر السابق، ص ٣٦.

(١٧٥) د.سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٦٨.

## مەبەستی سێیەم

## تیۆرییە یاساییەکانی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

گەورە یاسازانانی نێودەوڵەتی، گرنگییەکی زۆریان بە کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان داوە و ڕۆڵێکی بالآیان هەبووە، لە گەشەپێدان و ڕاڤەکردنی ئەحکامەکانی پەیوەست بەم ڕێڕەوانە و دارشتنی ئەو تیۆریی و بنەمایانەی کە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە پەسندکراون.(١٧٦) ئەم مەبەستە تەرخان دەکەین بۆ باسکردن لەو تیۆرییانەی، کە شێوازەکانی کەڵك وەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین. هەربۆیە، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم تیۆرییە کۆنەکان دەخەینەڕوو و لە لقی دووەم باس لە تیۆرییە هاوچەرخەکان دەکەین.

## لقی یەکەم

## تیۆرییە کۆنەکان

ئەم تیۆرییانە بەسەر دووجۆردا دابەش دەبن کە بریتین لە: یەکەم/ تیۆریی سەروەریی هەرێمایەتی ڕەها (نظرية السيادة الاقليمية المطلقة) و دووەم/ تیۆریی یەکێتی هەرێمایەتی ڕەها (نظرية الوحدة الاقليمية المطلقة)، کە لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین.

### یەکەم/ تیۆریی سەروەریی هەرێمایەتیی ڕەها (نظرية السيادة الاقليمية المطلقة):

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، دەستی دەوڵەت بەکراوەیی دەهێڵنەوە لە بەکارهێنانی ئەو ئاوەی، کە بەناو هەرێمەکەیدا تێپەڕ دەبێ و دەڵێن ئەو بەشەی

---

(١٧٦) د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٧. هەروەها عبدالعزيز المصري، المصدر السابق، صص ٨١- ٨٢.

رووباری نێودەوڵەتی، کە بە ناو هەرێمی دەوڵەتێکدا تێپەڕدەبێ وەك رووبارێکی نیشتمانی ناوخۆییە. بەجۆرێك، کە دەوڵەت دەتوانێ بە شێوەیەکی تەواو، هەموو مافی سەروەریی رەهای خۆی لەسەر ئەو بەشەی ئاوی رووبار بەکاربهێنێ، کە بەناو هەرێمەکەیدا تێپەڕدەبێ.[177] تەنانەت ئەم تیۆرییە، زیاتر لەمەش رۆیشتووە و رێگە دەدات بە گۆڕینی ڕێڕەوی سروشتیی رووبار، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی و ئەو زیانەی، کە بە دەوڵەتانی دیکەی دەگەیەنێ و ئەو دەوڵەتەش، کە حەوزی رووبارەکە دەکەوێتە ناو هەرێمەکەی مافی نارەزایی دەربڕینی نیە.[178] واتە دەوڵەتی سەروو رووبار، لە کاتی کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی ئاوی رووبار، گوێ ناداتە بەرژەوەندیی وڵاتانی هاوبەش لە رووبار.[179]

رەگوڕیشەی ئەم تیۆرییە بۆ چەمکی مافی موڵکایەتی لە یاسای رۆمانی دەگەڕێتەوە، کە بەوپێییە خاوەن موڵك، بەو جۆرەی کە بیەوێ مامەڵە لە گەڵ موڵکەکەی خۆیدا دەکات، بەبێ ئەوەی مافی ئەوانیتر رەچاو بکات. واتە، هەر دەوڵەتێکی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی، مافی رەهای هەیە لە دروستکردنی هەر دامەزراوەیەك لەسەر ئەم ڕێڕەوانە.[180] ئەم تیۆرییە، لە بۆچوونی داواکاری

---

[177] د.عبدالمنعم محمد داود، القانون الدولي للبحار والمشكلات البحرية العربية، ط ١، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٩، ص ٣١٢. هەروەها احمد حسين طه الأسودي، مشكلة المياه الدولية تركيا ـ سوريا ـ العراق، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد (١٥)، العدد (٥)، حزيران ٢٠٠٨، ص ٥٦٩. هەروەها د.فكرت نامق عبدالفتاح، الخلاف المائي التركي- السوري العراقي خلفياته وابعاده واحتمالاته المستقبلية، مجلة دراسات استراتيجية، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، العدد الخامس، ١٩٩٨، ص ٤٥١.

[178] كمال طيب قادر، مشكلة المياه بين العراق و تركيا في ضوء القانون الدولي العام، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١١، ص ٣٤. هەروەها محمد جواد علي المبارك، المصدر السابق، ص ٢١.

[179] ئەمین فەرەج شەریف، رووبارە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان لەروانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، گۆڤاری یاسا، کۆلیجی یاسا، زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل ٢٣.

[180] زكريا السباهي، المياه في القانون الدولي وأزمة المياه العربية، ب ط، دارطلاس، دمشق، ١٩٩٤، ص ٩٣.

گشتی ئەمەریکی (جادسون هارمون) لەساڵی ١٨٩٥ وەرگیراوە. هەربۆیە، تیۆرییەکەش بەناوی "تیۆریی هارمون" بەناوبانگە و یەکەمجار لە سەر کێشەی رووباری ریۆگراند (Rio Grande) لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکسیك سەریهەڵدا، چونکە ئەمەریکا دەیویست بە شێوەیەکی رەها مامەڵە لە گەڵ ئەم رووبارەدا بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مەکسیك، کە ئەمەش نارەزایی ئەو وڵاتەی لێکەوتەوە.(١٨١)

هەرچەندە ئەم تیۆرییە، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم باو بوو، بەڵام ئەمڕۆ یەکێکە لە تیۆرییە بەسەرچووەکان و کەوتۆتە بەر رەخنە و رەتدەکرێتەوە، چونکە گرنگی بە بەرژەوندیی لایەنەکانیتر نادات و لە گەڵ ناوەڕۆکی پێشکەوتنە نوێیەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و هەلومەرجی ئێستا و داهاتووی گرفتەکانی ئاودا ناگونجێ، کە سەروەریی رەهای دەوڵەتان سنووردار دەکات. هەروا پراکتیزە کردنی ئەم تیۆرییە نەك هەر نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ناکۆکی نێودەوڵەتی زیاتر دروست دەکات.(١٨٢) رەخنەیەکی دیکەش، کە ئاراستەی ئەم تیۆرییە دەکرێ ئەوەیە، توخمی زەوی، کە بریتیە لە هەرێم و توخمێکی نەگۆڕە و توخمی ئاو، کە توخمێکی جووڵاو وگەڕۆکە و سەروەریی هەمیشەیی و رەهای لەسەر ناچەسپێ، بە یەکسان سەیر دەکات و سەرەڕای جیاوازیی لە سروشتیان، هەردووکیان دەخاتە بن یەك حوکمی

---

(١٨١) د.غازي حسن صباريني، المصدر السابق، ص ١٨٨. هەروا د.عادل محمد عضايله، الصراع على المياه في الشرق الأوسط: الحرب و السلام، ط ١، دارالشروق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٥، صص ١٨٨-١٨٩. هەروەها محمد حسين رشيد محمد، الاستخدام المنصف والمعقول للأنهار الدولية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية القانون، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص ١٣. عبدالغني محمد عبدالعزيز الدوري، السياسة المائية التركية و أثرها على الأمن القومي العربي، رسالة الماجستير المقدمة الى المعهد العالي للدراسات السياسية و الدولية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٤، ص ٣٢. هەروا: Yuksel Inan, op.cit, p.231.

(١٨٢) د.بيوار خنسي، مقالات متنوعة حول الماء، النفط و البيئة، ط ١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص ٥٢. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٥٩. هەروەها محمد حسين رشيد محمد، المصدر السابق، ص ١٦.

یاساییەوە، کە لەسەر بنەمای سەروەریی هەرێمایەتی ڕەها بنیاتنراوە.[١٨٣] هەروا ئەم تیۆرییە، داننانێت بە مافی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی و لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، تایبەت بە بەرپرسیارێتی دەوڵەتان لەو ڕەفتارانەی، کە لە ناو خاکی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن و زیان بە دەوڵەتانیتر دەگەیەنن، لەدژایەتیدایە. جگە لەمەش، لەگەڵ پرەنسیپەکانی زیان نەگەیاندن بە مافی دەوڵەتانیتر، نیازپاکی، زێدەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی ماف و دراوسێتی باش ناگونجێ. هەربۆیە، یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەتەکێنێ و ڕێز لە هیچکام لەو پرەنسیپانە ناگرێ و پیادەیان ناکات.[١٨٤]

**دووەم/ تیۆریی یەکێتی هەرێمایەتی ڕەها (نظرية الوحدة الاقليمية المطلقة):**

ئەم تیۆرییە، حەوزی ڕووبار هەر لە سەرچاوەوە هەتا ڕێژگە بە یەکەیەکی هەرێمایەتی تەواوکەر (وحدة اقليمية متكاملة) دادەنێت، کە سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی نابێتە هۆی دابەشبوونی. بەم پێیە، دەوڵەتی سەرووی ڕێڕەو، ناتوانێ ئاوی ڕێڕەو بە شێوەیەکی وا بەکاربهێنێت، کە زیان بە ماف و بەرژەوەندیی دەوڵەتی خوارووی ڕێڕەو بگەیەنێت.[١٨٥] دەوڵەت سەروەریی ڕەهای نیە بەسەر ئەو بەشەی ڕێڕەو، کە بەناو هەرێمەکەیدا تێپەڕ دەبێ، بەڵکوو سەروەرییەکەی سنووردارە بەوەی، کە نابێ گرفت لەبەردەم ڕۆیشتنی سروشتیی ڕووبار بۆ ڕێڕەوی خوارووی دروست بکات، چ بە ڕاگرتنی ئاوی ڕووبارەکە بێت یا بەکەمکردنەوەی بە شێوازی پیشەسازیی بێت. هەربۆیە،

---

[١٨٣] رمضان حمزة، الشرق الأوسط: الصراع الاقليمي على المياه قراءة كوردية، ب ط، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٢، صص ١٦- ١٧. هەروەها د.حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٣٩٥.

[١٨٤] د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ١٢٢- ١٢٣.

[١٨٥] محمد جعفر جواد السامرائي، الأنهار الحدودية في محافظة واسط دراسة في الجغرافية الطبيعية وعلاقتها بالأستخدامات البشرية، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص ١٣١. هەروەها على حسين صادق، المصدر السابق، ص ١٧٠. هەروەها د.غازي حسن صباريني، المصدر السابق، ص ١٨٨.

دەوڵەتانی خوراووی ڕێڕەو ئەو مافەیان هەیە، کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئاوی رووبار بە شێوەیەکی تەواو وەربگرن. بەواتایەکیتر، هەر دەوڵەتێك دەتوانێ بە هەموو شێوازێك کەڵك لەو بەشەی ئاوی ڕێڕەو وەربگرێ، کە بە ناو هەرێمەکەیدا تێپەڕ دەبێ، بەو مەرجەی زیان بە مافی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی نەگەیەنێ.(١٨٦)

بناغەی ئەم تیۆرییە بۆ بنەمایەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە، کە ئەویش بنەمای تەواوکەریی هەرێمییە (التكامل الاقليمي)، کە بەوپێیە لەڕووی یاساییەوە، هەرجۆرە دەستدرێژییەك بۆ سەر مافەکانی دەوڵەت لە هەموو بەشێکی هەرێمەکەیدا قەدەغەیە. بێگومان پیادەکردنی ئەم تیۆرییە، لە قازانجی دەوڵەتانی ناوەڕاست و خوارووی ڕێڕەوی ئاوییە لەسەر حیسابی دەوڵەتانی دیکە.(١٨٧) هەرچەندە ئەم تیۆرییە، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاوییدا بەدیدەهێنێ، بەڵام لەڕاستیدا جۆرێك لە چەقبەستووییش دروست دەکات، چونکە هەر هەڵسوکەوتێکی دەوڵەتانی سەرچاوە بۆ بەکارهێنانی باشتری ئاوی ڕێڕەوەکان دەبەستێتەوە بە ڕەزامەندیی دەوڵەتانی خوارووی ڕێڕەو، هەربۆیە دەوڵەتانی خوارووی ڕێڕەو و لەوانەش عێراق پتر ئەم تیۆرییە پەسند دەکەن.(١٨٨)

## لقی دووەم
## تیۆرییە هاوچەرخەکان

تیۆرییە کۆنەکان، نەیانتوانی وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەم بن و ئەرك و مافەکانی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی بپارێزن، هەروا پیادەکردنیان لەسەر

---

(١٨٦) غدير محمد سجاد عبدالله العبيدي، الأمن المائي العربي والتحديات الإقتصادية والسياسية دراسة مستقبلية لحوضي دجلة والفرات، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية العلوم السياسية، جامعة صدام، بغداد، ٢٠٠٢، ص ٨٢. هەروەها د.حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٣٩٥.

(١٨٧) ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، ص ٣٥.

(١٨٨) د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١٢٧. ناصر فرشاد گهر، المصدر السابق، ص ٤٩. هەروەها: Yuksel Inan, op.cit, p.231.

زەمینەی واقع، تووشی گرفت بوو. هەربۆیە، یاسازانان بۆ گونجاندنی بەرژەوەندیی ولاّتانی ڕێڕەوی ئاویی، هەڵسان بە خستنەڕووی کۆمەڵێك تیۆریی نوێ و هاوچەرخ، کە بەجۆرەی خوارەوە لەم لقەدا ئاماژەیان پێدەکەین: یەکەم/ تیۆریی سەروەریی هەرێمایەتی سنووردار (نظرية السيادة الإقليمية المقيدة)، دووەم/ تیۆریی موڵکایەتی هاوبەش (نظرية الملكية المشتركة) و سێیەم/ تیۆریی قازانجە هاوتەریبەکان (نظرية المنافع المتوازية).

**یەکەم/ تیۆریی سەروەریی هەرێمایەتیی سنووردار (نظرية السيادة الإقليمية المقيدة):**

ئەم تیۆرییە، کە بە تیۆریی تەواوکەری هەرێمایەتی سنوورداریش (نظرية التكامل الإقليمي المقيد) ناودەبرێ، داندەنێت بە مافی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی، بۆ بەکارهێنانی ئەو بەشە لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی، کە ملکەچە بۆ سەروەرییان، بەو مەرجەی زیان بە مافی دەوڵەتانی دیکەی هاوکەنار نەگەیەنن. واتە، ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای هاوسەنگی لە نێوان ئەرك و مافەکانی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی بنیاتنراوە.[١٨٩] ئەم تیۆرییە، جەخت لەسەر مافی ڕەوای هەریەك لەو دەوڵەتانە دەکاتەوە، کە ڕێڕەوەکە بەناو خاکەکەیدا تێپەڕ دەبێ، بەلاّم لە هەمان کاتدا، کۆتوبەند لەسەر ئەم مافە دادەنێ و تا ئەو جێگایە ڕێگەی پێدەدات، کە زیان بە مافی دەوڵەتانی دیکەی هاوبەش لە ڕێڕەو نەگەیەنێت.[١٩٠]

ئەم تیۆرییە، هەردوو تیۆریی سەروەریی ڕەها و یەکێتی هەرێمایەتی ڕەهای هەڵوەشاندەوە. هەربۆیە، پێشوازییەکی زۆری لێکرا و لە ژمارەیەك لە پەیماننامە، نەریتە نێودەوڵەتییەکان، پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا و بڕیاری دادگاکاندا ڕەنگی داوەتەوە و توانیویەتی، خواست و چاوەڕوانی هەموو دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی بەدی بهێنێ. بەلاّم بەوحاڵەش، ئەم تیۆرییە بەدەر نەبووە لە ڕەخنە

---

[١٨٩] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٦١. هەروەها د.فكرت نامق عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٤٥١.

[١٩٠] ناصر فرشاد گهر، پیشین، ص ٥١. هەروەها غدير محمد سجاد عبدالله العبيدي، المصدر السابق، ص ٨٢.

و کۆمەڵێك کەموکورتی تێدا بەدیدەکرێ، کە بریتین لە:

١- هەموو ئەو کۆتوبەندانەی، کە ئەم تیۆرییە لەسەر سەروەریی دایناون، تەنها بە شێوازێکی خۆبەخشانە دێنەدی، کە ئەمەش وادەخوازێ بە گرێدانی رێککەوتنێك رێك بخرێن.

٢- رێگاچارەی دانەناوە بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی، کە لە ئەنجامی ناکۆکی لە کەڵك وەرگرتن لە نێوان دەوڵەتانی رێڕەوی ئاوییدا دێتەئاراوە.

٣- ئاماژە نەکردن بە پێویستیی بەڕێوەبردنی هاوبەش و گرنگی هاوکاریی لە نێوان دەوڵەتانی رێڕەوی ئاوییدا.(١٩١)

## دووەم/ تیۆریی موڵکایەتی هاوبەش (نظرية الملكية المشتركة):

ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە رێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی هەر لە سەرچاوەوە هەتا رێژگە، موڵکی هاوبەشی هەموو دەوڵەتانی رێڕەوە. هەربۆیە، ئەم دەوڵەتانە مافی یەکسان و تەواوکەریان هەیە و هیچ یەك لەو دەوڵەتانە، ناتوانن بە تەنیا و بەبێ رەزامەندیی دەوڵەتانیتر، پرۆژەی لەسەر بنیات بنێن، بەتایبەت ئەگەر ببێتە هۆی زیاد و کەمبوونی ئاوی رێڕەو.(١٩٢) رێڕەوی سروشتی رووبار، لە پاڵ کەشتیرانی، کۆمەڵێك ماف و کەڵك وەرگرتنی پاشکۆی دیکەشی لێدەکەوێتەوە، وەك راوکردن، بەکارهێنانی ئاو بۆ ئاودێریی و بەرهەمهێنانی وزە، هەربۆیە، هیچکام لە دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی، بۆیان نیە دەوڵەتانی دیکە لەو

---

(١٩١) د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ١٢٨- ١٣١.

(١٩٢) د.جمال سلامة علي، قانون البحار في عالم متغير، ط ١، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠١١، ص ٩٠. هەروەها د.علي خليل اسماعيل الحديثي، القانون الدولي العام : الجزء الأول المبادىء والأصول، ب ط، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٠، صص ١٠٩- ١١٠. هەروەها عقيلة هادي، الوضع القانوني الدولي لاستخدام مياه نهري دجلة و الفرات، مجلة العلوم القانونية، جامعة بغداد، المجلد ٢٧، العدد ٢، ٢٠١٢، ص ٣٤٨ .هەروەها احمد حسين طه الأسودي، المصدر السابق، ص ٥٧٠.

مافانە بێبەش بکەن.[١٩٣] هەروا وەبەرهێنانی ئاوی ئەم رووبارانە، دەبێ بەشێوەی هاوبەش و لەسەر بنەمای راوێژی هاوبەش بێت، کە ئەمەش بە شێوازی هاوبەش لە بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان ناسراوە.[١٩٤] ئەم تیۆرییە، لە یاسا ناوخۆییەکان وەرگیراوە و بەرهەمی بیروبۆچوونی هزرڤانانی یاسای سروشتییە، کە بەچاوێکی هاوبەشانە سەیری ئەو کەڵك وەرگرتنانە دەکات، کە خولقێنەری سروشت بۆ خێر و چاکە بە مرۆڤایەتی بەخشیوە. هەربۆیە، دەبینین لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسی مەرسوومێك دەرچووە، کە دانی بەم بنەمایەدا ناوە.[١٩٥]

ئەم بنەمایە، لە بەندی (٤)ی پەیماننامەی (کارلستاد) لە نێوان سوید و نەرویج لە ٢٦/١٠/ ١٩٠٥ و راگەیەندراوی مەدرید لە ساڵی ١٩١١ لە لایەن پەیمانگای یاسای نێودەوڵەتی، جەختی لەسەر کراوەتەوە.[١٩٦] ئەم تیۆرییە لە لایەن زۆربەی یاسازانانەوە پێشوازیی لێنەکرا، چونکە یەك هەرێم لە یەك کاتدا، ناتوانێ ملکەچ بێ بۆ سەروەریی زیاتر لە دەوڵەتێك و ئەمە لە گەڵ واتای سەروەریی لە سەردەمی نوێدا ناگونجێ. هەروا هەر یەك لە دەوڵەتان، مافی ناڕەزایی (Veto) هەیە لەسەر پرۆژەکانی گەشەکردنی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی، کە ئەمەش جۆرێك لە سەپاندنی (تحكم) تێدایە، کە پاساوی نیە. لەمەش بترازێ، هیچ پێوەرێکی دانەناوە بۆ ئەرك و مافەکانی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی.[١٩٧]

---

[١٩٣] عبدالله مرسي العقالي، المياه العربية بين خطر العجز ومخاطر التبعية، ط ٢، مركز الحضارة العربية، جيزة، ١٩٩٧، ص ٢٤.

[١٩٤] زكريا السباهي، المصدر السابق، ص ٩٣.

[١٩٥] د.حميد الخطيب، حقوق العراق المائية بين المزايدات السياسية والواقع القانوني، مجلة عطاء الرافدين، وزارة الموارد المائية العراقية، العدد (٣٦)، بغداد، أيلول ٢٠٠٩، ص ٣٦. هەروەها ناصر فرشاد گهر، پیشین، ص ٤٩.

[١٩٦] د.حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٣٩٦. هەروەها محمد جواد علي المبارك، المصدر السابق، ص ٢٣.

[١٩٧] ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، ص ٤٠.

## سێیەم/ تیۆریی قازانجە هاوتەرییەکان (نظرية المنافع المتوازية):

ئەم تیۆرییە، کە بە تیۆریی کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە یا بنەمای بەڕێوەبردنی هاوبەشی ئاوە نێودەوڵەتییەکانیش ناسراوە، پشت بە داد و ئینساف دەبەستێ، وەك ڕێسایەکی یاسایی لە دیاریکردنی پشکی دەوڵەتە هاوبەشەکان و ئەمەش لە لایەن دەستەیەکی هاوبەشەوە ئەنجام دەدرێ، کە نوێنەرایەتی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەکات.[(١٩٨)] بەپێی ئەم تیۆرییە، هەموو ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەودا هاوبەشن و هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ بە تەنها دەست بەسەر ئەم ڕێڕەوانەدا بگرێ. هەریەك لەو دەوڵەتانە، بەپێی پێویستیی و بارودۆخی پەیوەست بە ڕێڕەوی ئاویی، مافیان هەیە لە دابەشکردنی قازانجەکانی ڕێڕەوە. هیچ دەوڵەتێك بۆی نیە پێش بە ئاوی ڕێڕەو بگرێ یا بیگوازێتەوە و نەهێڵێت، کە بچێتە ناو دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی. جگە لەمەش، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، هەر دەوڵەتێك بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەگەر ئاوی ڕێڕەوەکە بەجۆرێکی وا بەکاربهێنێ، کە زیان بە دەوڵەتانیتر بگەیەنێ.[(١٩٩)] یاسازانی ئەمەریکی، کلاید ئیگلتۆن(Clyde Eagleton) ئەم تیۆرییەی بەتێروتەسەلی بەجۆرەی خوارەوە شیکردۆتەوە:

١- سەروەریی دەوڵەت لەمبارەیەوە رەها نیە، بەڵکوو سنووردارە.

٢- دابەشکردنی ئاو دەبێ بەشێوەیەکی دادگەرانە بێت، بەو واتایە، کە ناوچە وشکەکان بخرێنە پێش ناوچە بەراوەکان.

٣- لەکاتی چارەسەرکردنی بەکارهێنانی ئاوی رووبارە هاوبەشەکان لە لایەن ژمارەیەك دەوڵەتەوە، دەبێ ئەو قازانجەی، کە دەوڵەتێك بەدەستی دەهێنێ و ئەو زیانانەی، کە بە دەوڵەتانی دیکە دەگات لەبەرچاو بگیرێن.[(٢٠٠)]

---

(١٩٨) د.فكرت نامق عبدالفتاح، المصدر السابق، صص ٢٥- ٢٦. هەروەها أركان حميد جديع، المصدر السابق، ص ١٣٤.

(١٩٩) د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١٣٣.

(٢٠٠) عەباس خۆشناو، داهاتی رووبارە نێودەوڵەتییەکان لە یاسای نێودەوڵەتاندا: گیروگرفتی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (کتێبی دووەم)، بێ ژمارەی چاپ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٧٢. هەروەها زكريا السباهي، المصدر السابق، ص ٩٤.

پاش وردبوونەوەمان لەو تیۆرییانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت، کە جگە لە تیۆریی سەروەریی هەرێمایەتی رەها (نظرية السيادة الاقليمية المطلقة)، کە باوەڕی بە مافی رەهای دەوڵەت هەیە لەسەر رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بەبێ رەچاو کردنی مافی دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو، هەموو تیۆرییەکانیتر، لەسەر بنەمای هاوکاریی نێوان دەوڵەتانی رێڕەو بنیاتنراون، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی و یەکسانی زیاتر لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا. هەروا جەخت لە سەر مافی هەموو دەوڵەتانی رێڕەوی ئاویی دەکەنەوە، بۆ کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو رێڕەوانە، بەو مەرجەی زیان بە دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو نەگەیەنن. هەربۆیە، ئەم تیۆرییانە زیاتر لە لە لایەن یاسازانان و کۆڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە گرنگیان پێدراوە، چونکە پتر رۆحی هاوکاریی هاوبەش و رێزگرتنی مافی هەموو دەوڵەتانی رێڕەو لەبەرچاو دەگرن. هەروا پێمانوایە، تیۆریی قازانجە هاوتەریبەکان (نظرية المنافع المتوازية) گونجاوترە لە تیۆرییەکانیتر و باشتر وایە، عێراق لە کاتی ئەنجامدانی رێککەوتن لەگەڵ ئێران، بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی لە رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش رێڕەوی سیروان پشت بەم تیۆرییە ببەستێ، چونکە چارەسەرێکی واقیعی و راستەقینە بۆ کێشەی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەخاتەڕوو و لەگەڵ پێداویستی دانیشتووان و پلانەکانی گەشە پێدانی وڵات لە ئێستا و داهاتوودا دەگونجێ.